# لەبارەی جەماوەر و خۆپیشاندانەوە

# "جەماوەر بەگاڵتە خۆپیشاندان دەکات، دەسەڵات بەڕاستی دەترسێ"

نووسینی: عەبدوڵلا خالید

یەکەم:

"لەشۆستەوە بۆ شەقام"

لەنێوان شۆستەو شەقامدا چەند بستێک هەیە لەرووی (ماوە)وە، بەڵام. لەنێوان خەڵکی شۆستەو شەقامدا دونیایەک دووری و جیاوازی هەیە، بەتایبەتی لەباری سیاسیدا.

دەکرێ بگوترێ لەوەتەی پەیدابوونی ململانێ و کێبرکێی سیاسیەوە تاوەکو ئەمڕۆ پارت و لایەن و باڵە سیاسیەکان لەگرێی ئەوەدانە هەندێکیان دەیانەوێت خەڵک لەشۆستەدا بمێنێتەوەو، هەندێکیشیان دەخوازن دایانبەزێننە سەر شەقامەکان، کە دواجار مانەوە لەشۆستەو دابەزین بۆسەر شەقام بڕیارێکی ئیرادەییانە نیەو لەهەر بارێکدا کۆمەڵێک هۆکارو فاکتەر لەپشتیەوە وەستاوە.

بەپێی فەرهەنگی تازەی سیاسیەت دابەزین بۆ شەقام واتایەکی پۆزەتیڤ دەبەخشێت و لەخانەی بەشداری سیاسیدا دادەنرێت و رۆڵی هەیە لەئەکتیڤکردنی کاروبارەکانی دەسەڵاتەکانی کۆمەڵگادا، بەپێچەوانەوە مانەوە لەشۆستەدا بەبەشدارییەکی نەگەتیڤی سیاسەت دادەنرێت و ماوە دەدات بەدەسەڵاتەکان کە رووەو تاکڕەوی و گەندەڵی پەل بهاوێژن و، کۆمەڵگاش بە کۆمەڵگایەکی ناکاراو داخراو ئەژمار بکرێ.

لەگەڵ هەموو سوودەکانی دابەزینە سەر شەقام، بەڵام کەم و دەگمەنن، ئەو وڵات و هەرێم و شارانەی کە ئارەزووی هاتنە سەر شەقامی خەڵک دەکەن، تەنانەت ئەگەر ئەو دیاردەیە رووبدات دەخوازن لەو چرکانەدا خەڵک لە شەقام بێت کە بەقازانجی دەسەڵاتی ئەوان تەواو بێت، نەک بەپێچەوانەوە، ئەم مۆدێلەی سەر شەقام بەتایبەتی لە وڵاتانی دواکەوتوودا بوونی هەیە، تەنانەت بۆ ئەو مەبەستە یان خەڵک بەزۆر رادەکێشنە شەقامەکان و، مانەوە لەشۆستەدا لەو لەحزەیەدا تۆمەتی خیانەتکاریی و..هتد، بەدواوەیە!

سەردەمی پێش شۆستە، یان بڵێین سەردەمی "لەماڵەوە دەبم ئەگەر دونیا گڕ بگرێ" لەدونیادا بەکۆتا گەیشتووە، ئەو سەردەمەی کە تیایدا دەسەڵات نوێنەری خودا بوو لەسەر زەوی حوکمی دەکرد، ئەو سەردەمەش کۆتا هات کە خەڵک لەترساندا خۆی لەکونی ماڵەوە بنێت، ئێستا خەڵک لەقۆناغێکی دیکە دایە، قۆناغی شۆستەو، هەنگاونان بەرەو چوونە شەقام.

بەشێوەیەکی دیکە بڵێین مرۆڤی (وەرگر) کە خزێندرا بووە ماڵەوەو کرابوو بە مرۆڤی ناکارا، ئەمڕۆ سەردەمی ئەو بەکۆتا هاتووە، ئەوێک کە لە پەراوێزی رووداوو تۆمارو پاڵەوانێتییەکاندا بوو. دوا بەدوای ئەو مرۆڤی نوێ، مرۆڤی (بینەر) پەیدابوون، کە ئەگەرچی ماڵی بەجێهێشتووەو لەدەرەوە دایەو شاهیدی رووداوەکانە، بەڵام هێشتا وەکو تاک بیردەکاتەوە، هێشتا ئازارو هاواری لەگەڵ هاوڕێ مرۆڤەکانی کۆنەکردۆتەوە، هێشتا ئەو هێزەی نیە ببێتە پاڵەوانی وێناکردنی مێژووی ژیان، هێشتا دونیابینییەکی نیە کە سبەینێ بەرەو کوێ پەل دەنێت، هێشتا ئەو لەشۆستەکاندایەو بینەرێکی هەمیشەیی رووداوەکانە.

لەنێوان ئەو دووچەشنەی مرۆڤدا، ئاراستەیەک پەیدابووەو مرۆڤ گەڵێک رێی تێدا دەکەن، ئەوان تەنها گوێ ناگرن و نابینن، بەڵکو قسە دەکەن و لەوەش زیاتر رەخنەگرو نارازین، ئەوان بەتەنها نین، ئەوان لە یەک تێگەیشتوون، ئامانجێکیان هەیەو کاری لەپێناودا دەکەن، ئەوان بەهێزی هەموویان، هێزێکیان پێکهێناوەو رژاونەتە شەقامەکان، ئەوان دەیانەوێت کاراو ئەکتیڤ بن، دەیانەوێت پاڵەوانی رووداوەکان بن و، ئاڕاستەی رووداوەکان بە ئاقاری بەرژەوەندی گشتیدا ببەن.

لەدونیای ئەمڕۆدا ئاراستەکان ئەوەن، کە یان دەبێت ڕەوتی ڕووەو شەقام کاراو بەهێز بکرێ بۆئەوەی دونیایەکی تازەترو سیاسەتێکی مرۆڤانەو یاسایەکی گونجاوتر پەیدا ببێت، یان ئەوەتا دەبێ بەزۆری و بەقۆناغی چەکی دەسەلات پاشەکشە بەمرۆڤی قسەکەرو ڕەخنەگر بکرێت بۆ سەر شۆستەکان و، نیشتمانی بۆ بکەی بە تەلەفزیۆنێکی گەورەو ئەو تەنها بینەری بێت و هیچی تر!

ڕۆژگار سەلماندی کە مرۆڤی دەنگدەر ناتوانێت مرۆڤی قسەکەرو ڕەخنەگربێت، واتە هەڵبژاردن و باوڵی هەڵبژاردن سیمای هاتنە سەرشەقام نیە، بە ئاشکرا بوونی ئەم ڕاستیەش نیشانەی زەق و بەرچاوو بیری دیموکراسی دەردەکەوێت، مرۆڤی دەنگدەر کە دێتە سەر شەقام بۆ دەنگدان، هەموویان بە ئیرادەی خۆیان نەهاتوونەتە سەر شەقام، بەڵکو لەوێدا (پروپاگەندە) ڕۆڵی کارای خۆی گێڕاوەو ئەمڕۆ لەپشتی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی کاراوە کۆمپانیا زەبەلاحەکان و دەسەلات ڕاوەستاون، کە دواجار مرۆڤی دەنگدەری سەردەمی دیموکراسی بەرهەم دەهێنن!

ئەم چەشنە دیموکراسییە، جارێکی دیکەو بەجۆرێکی دیکە دەسەلاتی ڕەها بەرهەم دەهێنن ئەگەر بۆماوەیەکی کاتی و دیاریکراویش بێت. بۆیە مرۆڤی هاوچەرخ تەنها بەدەنگدان ڕاناوەستێن، بەڵکو ڕەقیبی نوێنەرانێتی بۆهەر لادانێک و بۆهەر داوایەک دەرژێنە شەقامەکان، لەم چەند ساڵەی دواییدا دەیان نموونەی کاری جەماوەری مرۆڤی قسەکەرو ڕەخنەگرەکان دەبینین لەناوچە جیاجیاکانی جیهاندا..

ئەوەی مەبەستمە لەو چەشنە مرۆڤە هاوچەرخە لێکدانەوە نیە بۆ تاکی و کەسێتی هەریەک لەو مرۆڤانە، بەڵکو دەمانەوێت قسەیەک لەکۆ ڕەفتاری ئەم چەشنە مرۆڤانە بکەین، دەمانەوێت لەڕەفتاری دەستە جەمعی و ڕای گشتی ئەوان بکەین. یان بڵێین باسێک لەجەماوەرو گردبوونەوەو گروپی فشارو..هتد، بکەین.

دووەم:

"ڕەفتاری دەستە جەمعی"

زۆر لەمێژە بیریاران و فەیلەسووفەکان و کۆمەڵناسەکان ئاوڕیان لە ڕەفتاری دەستە جەمعی داوەتەوە. ئەو ئاوڕ لێدانەوەیە هەندێک جار تێکەڵ بەکۆمەلێک چەمکی دیکە کراوە. لەهەندێک سەرچاوە مێژووی چەمکی دەستە جەمعی دەگەڕێنێتەوە سەر مێژووی چەمکی (عەقڵی جەمعی) کە کانت و هیگل و کۆنت لەبارەیەوە شرۆڤەیان کردووە. هەروەها دەبردرێتەوە سەرچەمکی (ویژدانی جەمعی) کە (ئەمێل دۆرکایم) بەکاریهێناوە.

عەقڵ لەلای هیگل (بیرۆکە)یە، ئەوەش بیرۆکەی سەراپاگیرە، یان بڵێین (عەقڵ تەنها یەکەو تاکیشەو شتێکیشمان بەناوی عەقڵی دووەم نیە، عەقڵ بەسەر عەقڵی مرۆیدا باڵا دەستەو، عەقڵ لەناو مرۆڤدا توخمێکی خواییە، فەلسەفەش ئەو عەقڵەیە کە لە بیردا دەرکی بەخۆی کردووە....) لەتەک ئەوەشدا دەکرێ بڵێین کە ئاستی عەقڵ لەلای هیگل هاوتایە بە ئاستی هەقیقەتی ڕەها. بۆیە عەقڵی جەمعی ئەوەندەی گوزارشتە لە عەقڵی سەرتاپا گیرو ئەوەندەی خولیایەکی فەلسەفەیانەیە، ئەوەندە لەچەمکی ڕەفتار نزیک نیە، مەبەستیش لەم چەمکەی دواییان نیە.

چەمکی (ویژدانی جەمعی) کە دۆرکایم بەکاریهێناوە (زیاتر لەزاراوەی شارستانیەت دەچێت بەوەی کە بریتیە لە ئەو ئامرازەی کە نەوەیەک بەنەوەیەکی دیکەوە دەبەستێتەوە، یان بریتییە لەو فاکتەرەی کە پارێزگاری لەخوورەوشت و سۆزو بەهاکان دەکات لەرێگەی گواستنەوەی لەنەوەیەک بۆ نەویەکی دیکە" لەلایەکی دیکەشەوە بەو کۆمەڵە بیروڕاو سۆزە هاوبەشانە دەوترێت ویژدانی جەمعی کە تاکەکان وەریدەگرن لە ئینتیما کردن بۆ گروپێک یان ڕێکخراوێکی دیاریکراو. لێرەشدا دەچێتە سەر ئەو وەسفەی کە (مەکدۆگل) بۆ ڕەفتاری جەمعی دەکات و بە (ڕۆحی گروپ) ناوی دەبات، پێی وایە لەژیانی بەکۆی ڕێکخراودا دەردەکەوێ و بەهێز دەبێ. هەرچۆنێک بێت تێکەڵاوییەک لەنێوان ئەو چەمکانەو ڕەفتاری جەمعی (السلوک الجمعی)دا هەیە.

دیارترین پێناسی ڕەفتاری جەمعی بریتییە لەوەی کردەیەکە وەڵامدانەوەی بارودۆخ یان ڕووداوێکە کاردانەوەی هاوبەشیان لەهەمبەریدا هەیە، لێرەدا دەردەکەوێ کە ئەو چەمکە گرێدراوی تاکەکان نیە، بەڵکو گرێدراوی گروپە، گروپ لەکۆمەڵەو توخمەکان یان لە ژمارەیەکی خەڵک جیاوازە، چ بەوەی بە ژمارە زیاترە لەوان و،چ لەولاشەوە ئەوان لەپرۆسەی کارلێکدان و، پرۆسەی کارلێکیش لەژێر هەستی یەکێتی ڕای ئەو گروپە چێ دەبێ.

بەڵام ڕەفتاری جەمعی بریتی نیە لە دیراسەکردنی ڕەفتاری گروپەکان، یان ڕێکخراوەکان، چونکە ڕەفتاری گروپ و ڕێکخراوەکان یاساو ڕێسای چەسپاوی خۆیان هەیەو، خوورەوشت لە پشتیانەوەیە. بەپێچەوانەوە ڕەفتاری جەمعی حاڵەتێکی پێشبینی نەکراوەو، بۆی هەیە هاودژ بێت بە نۆرمە باوەکانی کۆمەڵگا، لێرەشدا واتە نەحاڵەتێکی ڕێکخراوو باوە، نە یاساو خوورەوشتەکان لەپشتیەوەیەو هەر ئەو سیمایەی ڕەفتاری جەمعی وایکردووە کە کۆمەڵێک بیریار پەلاماری ئەو چەمکە بدەن و

تۆمەتی بخەنە پاڵ و بەنەخۆشی و پەتاو شێتی ناو زەدی بکەن، هەربۆیەش هەمیشەو لەهەموو سەردەمێکدا لەپشتی رەفتارە جەمعییەکانەوە تۆمەت راوەستاوە نموونەی خۆپیشاندان و ریپێوان و مانگرتن و..تد، ئەوەش دواتر بەدوورو درێژی باسیان دەکەین.

مۆرکێکی دیکەی رەفتاری جەمعی ئەوەیە کە تاکەکان لەساتە وەختی نواندی ئەو رەفتارەیاندا کەسێتیو رەفتاری کەسێتی خۆیان لەدەستدەدەنو لەنێو رۆحی رەفتاری جەمعیدا دەتوێنەوە، مێژووی ئەو چەمکە سەلماندوویەتی کە رەفتاری جەمعی بریتی نیە لە کۆی رەفتاری تاکەکانی بەشداربووی، بەڵکو لەئەنجامی دروستبوونی رەفتاری جەمعی رەفتاری تاکەکان لەناو دەچن و رەفتارێکی نوێ دروست دەبێ کە جیاوازە لەوانی پێشووی، لێرەشدا دەکرێ نموونەی کەسێک بهێنینەوە کە لە پێشەوەی خۆپیشاندانێک هوتاف و دروشم لێدەدات و بەدەنگی بەرز هاوار دەکات، یان دیوارێک دەروخێنێت، یان ئوتومبێلێک دەسوتێنێت. ئەم کەسە بەر لەوەی بچێتە نێو رەفتاری جەمعی ئامادەی ئەوەی تێدا نیە ئەو کارە بکات. بۆیە زۆرجار دەگوترێ تاک بەرپرسیارێتی خۆی لەدەستدەدات لەرەفتاری جەمعیداو گروپ بەرپرس دەبێ لەرەفتارەکانی.

ئەو رەفتارە جەمعیەی کەئێمە لێی دەدوێین زۆرجار بەرەفتاری جەمعی سەرەتایی ناو دەبرێت، واتە رەفتارێکی خۆڕسک و سروشتییەو سۆزو هەڵچوون زاڵە بەسەریدا، بەڵام مێژوو سەلماندوویەتی کە ئەو چەشنە رەفتارە هەروا لەخۆڕا پەیدا نابێت، بەڵکو لەپشتییەوە کۆمەڵێک هۆکاری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و کلتوری هەن. یان بڵێین ئەو لەحزەیە رەفتاری جەمعی پەیدا دەبێ کە پێناسە شارستانی و کۆمەڵایەتیەکان بۆ ئاستە جیاجیاکانی کۆمەڵگا شێوا بێت، یان لەئاستی خواست و ویست و بەرژەوەندیی و داخوازی جەماوەر نەبێت و تێریان نەکات. لەوەها دۆخێکدا پەشێوەیی و نائارامی کۆمەڵایەتی و هەڵچوون پەیدا دەبێ. بارودۆخێکی ناسروشتی لەو چەشنە چەندین تایبەتمەندی و سیمای خۆی هەیە:

یەکەم: مرۆڤەکان بەدوای رێگە چارەدا دەگەرێن، لەبەرئەوەی حاڵەتێکی گشتیە بۆیان بۆیە پەنا وەبەر یەک دەبەن بۆ پێکهێنانی هێزێک بۆ وەڵامدانەوەی ئەو دۆخەی کە تێیکەوتوون. لەم قۆناغەدا رەفتارەکانیان ئاڵۆزو خۆڕسکەو تووڕەبوون زاڵە بەسەریاندا. کاردانەوەیان یەکسانە بە ئاستی کاریگەری ئەو قورسایی و فشارانەوەی کە لە سەریانە، هەروەها گرێدراوە بە ئاستی پێکهاتەی رەفتارە جەمعییەکە. واتا تاوەکو فشارو هۆکاری رەفتارەکە کەمتر بێ ئەوە کاردانەوەی رەفتارەکە کەمتر دەبێ و بەپێچەوانەش. بۆنموونە دەبینین خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییەی جیهان وەکو رەفتارێکی جەمعی توندوتیژە، پێم وایە لەبەرئەوەی گرێدراوە بەچینێکی تازەوە کە پەراوێزە لەئاستی ژیانی ئەمرۆی جیهان و لە زۆرێک لە پێشکەوتنەکان بێبەشەو، فشارە هەمەلایەنەکان لەسەری زۆرترو زیاتر بووەو تەواو هەست بەچەوسانەوە دەکات، ئەوەش هۆکارێکی بنەرەتییە لەپەیدا بوونی رەفتاری جەمعی.

دووەم: هەڵچوون و سۆز زاڵ دەبێت بەسەر رەفتارداو، واتەوات و پروپاگەندە "اشاعە" بەهەردوو دیوەکەیدا رۆڵی خۆی دەگێرێت. واتە هەم بەوەی ئاگرەکە خۆشتر بکات، هەمیش بیکوژێنێتەوە. تەنانەت لێرەدا ئەگەری پەیدابوونی سەرکردایەتی رەفتاری جەمعی هەیەو..تد. واتە کەسێک یان کەسانێک پەیدا بینو ببنە هێمای ئەو رەفتارەو چۆنیان بوێت وای لێبکەن، بۆی هەیە کەسانێک رەفتاری دەستە جەمعی بە لێکچوون یان نەمانی جیاوازی و یان ئەوەی پێی دەڵێن"مێگەلییەت" ناو ببەین، بەئامانجی ئەوەی کە رێگری بکەن لەهەر رەفتارێکی جەمعی لەپێناوی ئامانجی پارێزگاریکردن لەبارودۆخێک کە ئەوو ئەوانی وەکو ئەو بەردەوام بن لە تالانکردنی بەرهەمەکان، بەڵام لەراستییدا جیاوازییەکی زۆر لەنێوان رەفتاری جەمعی و مێگەلییەتدا هەیە. ئەو چەشنە رەفتارە، رەفتارێکی ئازادەو تاک بۆخۆی بریاری ئەوە دەدات ببێتە بەشێکی یان نا! هەروەها مۆرکی کاتیبوونی هەیەو کاردانەوەیەک بەرامبەر بارودۆخێک کە کۆمەڵێک فاکتەر لەپشتێوەن. وێڕای ئەوەی کە جیاوازی تەواو پێش ئەو رەفتارەو لەکاتی رەفتارەکەو پاش رەفتارەکە لەلای تاکەکان بوونی هەیەو، تەنها لەحاڵەتی کاردانەوە بەرامبەر بە بارودۆخەکە پەشێوەیەکە کە ئەوان لێکدەچن و شتێکی نوێ پێکدەهێنن بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانیان. هەموو ئەوانەش تەواو پێچەوانەی مێگەلە.. وێڕای هەموو ئەو مۆرکانە، رەفتاری جەمعی کۆمەڵە تایبەتمەندییەکی دیکەشی هەیە. دراوسێتی جەستەیی یان بڵێین کۆبوونەوەیان لەیەک شوێن و کاتدا. ئەم چەشنە دراوسێیەتییە گوڕوتین و هێزی زیاتر دەبەخشێت بە کۆ رەفتارو بە مۆرکێکی گرنگی ئەو چەشنە رەفتارە دەژمێردرێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک شارەزای بواری ئەو چەمکە بەتایبەتی (تۆنەرو کلیان) پێیان وایە کە ئەگەر دراوسێتی و نزیکی جەستەیش نەبێ ئەوە دەکرێ بەهەبوونی دوو توخم جەماوەر پێک بێت.

توخمی یەکەم: یەکێتییەکەی مەرجەعی هەبێ بۆ ئامانجەکانیان یان ئامرازێکی هاوبەشیان هەبێ بۆ کۆکردنەوەیان.

توخمی دووەم: ئەو یەکێتییە مەرجەعییەی نێوانیان لەسەر بنەمای هۆشیاری ئۆرگانیان لەو گروپەدا دروست ببێ. بۆ ئەوەی بتوانن ئەو گروپە خەڵکە یەک رێگە بگرن.

هاوشان لەگەڵ ئەوانەشدا رەفتاری جەمعی ئەو کات لەراستیی چەمکەکەی نزیک دەبێتەوە کە رەفتارێکی تەعبیری و کاتی بێت، ئەمەش واتە ئەو کۆ رەفتارییە گوزارشت لەخواستێک دەکات کە لەو ساتەوەختەدا ئەو جەماوەرە پێویستیان پێیەتی بۆیە بۆی کۆبوونەتەوە. هەرکاتێکیش کە ئەو خواستە وەدی بێت ئیدی رەفتاری جەمعی پاساوی مانەوەی نامێنێت و بەکۆتا دەگات. واتە سیفەتی کاتێتی رەفتاری جەمعی لەوەوە هاتووە.

مێژووی گرنگیدان و دیراسەکردنی رەفتاری جەمعی لەلایەن زانایان و کۆمەڵناسانەوە دەگەڕێتەوە ئەو دەمەی کە ویستیان دیراسەی رەفتاری جەماوەرو رەفتاری گردبوونەوە "الحشد" بکەن. لە دیراسەکردنی رەفتاری جەمعیشدا چەندین تیۆر پەیدا بووە کە بەشێوەیەکی گشتی دابەشی دەکەینە سەر سێ گروپ:

گروپی یەکەم/ ئەو تیۆرانەی کە رەفتاری جەمعی بەوە شیدەکەنەوە کە بریتییە لە گواستنەوەی خێرای بۆچوون و هەستو میزاج لەنێوان ئەندامەکانی جەماوەردا بەبێ چێککردن و پێداچوونەوەی، ئەم تیۆرە زۆرتر لەلای "لیبۆن" بەکارهاتووە.

گروپی دووەم/ ئەو تیۆرانەی کە کۆ رەفتار واشیدەکەنەوە کە بریتییە لە دەستە بەندی تاکەکان لەنێوان خۆیاندا بەهۆی لێکچوونی حەزو بۆچوون و ئامانجەکانیان .

گروپی سێیەم/ ئەو تیۆرانەی کە پێیان وایە کە رەفتاری جەمعی پشت دەبەستێت بە پێوەرێکی کۆمەڵایەتی کە لە هەندێک حاڵەتدا دەردەکەوێت.

بۆئەوەی لە سنوورەکانی گشتگیری دەربچین و، رەفتاری جەمعی و جۆرەکانی و چۆنیەتی راڤە کردنی ئاشکرا بکەین، باشتر وایە ئاوڕ لە هەریەک لە رەفتاری جەمعی و گردبوونەوە بدەینەوە.

سێیەم:

جەماوەرو رەفتار:

رەنگبێ رۆژانە هەزاران جار گوێبیستی زاراوەی (جەماوەر) ببین و، هەمووشمان دواجار پێناسەی جۆراوجۆری بۆ بکەین، بەڵام لەوانەشە کەم لە ئێمەمانان بتوانین پێناسەیەکی دروست بۆئەو چەمکە بکەین و بزانین جەماوەر چۆن دروست دەبێ و بۆ دروست دەبێ و ئامانجی چییەو تیۆرەکانی شیکردنەوەی جەماوەر چین و تەنانەت چۆن پەرت دەبن.

جەماوەر یاخود رەفتاری جەماوەر چەشنێکە لە چەشنەکانی رەفتاری جەمعی کە کۆمەڵێک سیماو تایبەتمەندی خۆی هەیە کە لە نێوانیان تاکە گونجاوەکانی نێو گروپە نەگونجاوەکانی کۆمەڵگای گەورەی نەگونجاودا دروست دەبێ. کۆمەڵناسان و سیاسەتمەداران و بیریاران هەریەک لەدیدگای خۆیانەوە پێناسەی جۆراوجۆری بۆ جەماوەر کردووەو، هەریەکێکیان جەختیان لەلایەنێکی دیاریکراوی جەماوەر کردۆتەوە.. هەندێکیان جەخت لە ژمارە دەکەنەوەو پێیان وایە جیاوازی نێوان گردبوونەوە (الحشد) لەگەڵ جەماوەردا بریتییە لەوەی جەماوەر ژمارەیەکی زۆری خەڵکە، بەڵام هەندێکی دیکەیان پێیان وایە کە جەماوەر تەنها ژمارە نیە، بەڵکو جەخت لەپڕۆسەی کارلێک "تفاعل" دەکەنەوە، هەندێکی دیکەش یان هاوسێی جەستەیی دەکاتە پێوەر بۆ جەماوەر، تاخمێکی دیکەیان زانیاری هەیە، هۆکارو بارودۆخ و بەرژەوەندی "ئۆگبرن" پێی وایە جەماوەر بریتییە لە ژمارەیەکی زۆری خەڵک (برنارد) پێی وایە جەماوەر گردبوونەوەی ژمارەیەک خەڵکە جا چ زۆرتربن یان کەم، لە گەڕانەوە بەو سەریەکدی چون یەکن. (ڤۆگان) پێی وایە جەماوەر هەر گردبوونەوەی ژمارە نیە، بەڵکو کۆمەڵە خەڵکانێک کە حاڵەتێکی عەقڵی هاوبەش زاڵە بەسەریاندا. (ماکیڤەرو هادلی کانترل) پێیان وایە بەرژەوەندی جەماوەر دروست دەکات و بەشێوەیەکی کاتی کۆدەبنەوەو سۆزو هەڵچون زاڵە بەسەریاندا. (بلومەرو کانتی) پێیان وایە کۆمەڵە هۆکارێک دەبێتە هۆی پەیدابوونی جەماوەر.

لەرووی سیاسیەوە (ئەدلۆف هیتلەر) پێی وایە جەماوەر زانیاری سیاسی کەمەو دەکرێ کۆنترۆڵ بکرێن. (گۆبڵز)ی وەزیری پڕوپاگەندەی هیتلەریش پێی وایە جەماوەر ماددەیەکی خاوەو هێشتان دروست نەکراوە، پیاوانی سیاسەت و هونەرمەندان دەتوانن راوبۆچوونیان بۆ دروست بکەن. ئەمەش جەختکردنەوەیە، کە واتەوات و پروپاگەندە لەدروستکردن و پەرتکردنی جەماوەردا رۆڵی گەورە دەگێرێت.

لەزمانی ئینگلیزیدا جیاوازی لەنێوان دوو جۆرە جەماوەردا دەکرێت (public) بەواتای ژمارەیەکی زۆری خەڵک کە لە رووی فیزیکیەوە لێکدابڕاون (رەمەکی)ن، بەڵام گرنگی دان بە بابەتێک یان رووداوێک یان چەندین بابەت و رووداو کۆیان دەکاتەوە کە جیاوازی و ناکۆکی هەیە لەبارەیانەوە، هەروەها (mass)یان کەپێی دەگوترێ (کتلە) بەزمانی عەرەبی کە مەبەست لە ژمارەیەکی زۆری خەڵکە کە دەکەونە ژێر کاریگەری یەکێک لە دەزگاکانی راگەیاندن.

جەماوەر پێکدێت کە خەڵکی جیاجیا لەرووی تەمەن و رەگەزو پیشەو ئینتیماو ئاستی رۆشەنبیریی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە، لەساتە وەختی پێکهێنانی جەماوەردا یەکسانی و جیاوازی لەیەک کاتدا بوونی هەیە. واتا لەرووی شێوازو پاشخانی فەردیەت هەریەکێکیان جیاوازیان هەیە، بەڵام لە کاردانەوە بەرامبەر بە گرفتە هاوبەشە کەیان و چارەنووسیان لەو چرکەیەدا یەکسانن. هاوشوێنی یان دراوسێتی جەستەیی رای جیاجیای لەبارەوە هەیە لەپێکهێنانی جەماوەردا، هەندێک پێیان وایە دەبێ دراوسێتی جەستەیی هەبێ لەنێوان ئەندامانی جەماوەردا بۆئەوەی پرۆسەی کارلێک رواندن و ئەندامەکانی هەست بەهێزی گەورەیی خۆیان بکەن، بەپێچەوانەوە گروپێکی دیکە پێی وایە لەهەندێک حاڵەتدا ئەگەر دراوسێیەتی جەستەیش نەبێ و ئەندامەکانیشی لێکدووربن جەماوەر پێکدێت. بۆ نموونە وێڕای دووری و جیاوازی نێوان خەڵک لە ئەمریکاو بەریتانیاو فەرەنسا کەچی جەماوەر لەهەریەک لەو وڵاتانە لەیەک کات و بۆیەک مەبەست دەڕژێنە شەقامەکان دژ بە شەڕو بەرقەرار کردنی ئاشتی. لێرەدا دەردەکەوێ کە هۆکارو ئامانجەکانی پێکهاتنی جەماوەر گرنگترە لە دراوسێتی جەستەیی، بەتایبەتی کە جەماوەر پەرچەکرداری بەرامبەر بە یەکتر نیە تاوەکو لێک نزیکبن یان بەرامبەر بەیەکدی گەمە بکەن، بەڵکو پەرچەکردایان بەرامبەر بەو هۆکارانەیە کە کۆیان دەکاتەوە جا لە هەر شوێنێک بن دواجار یەک ئامانجیان هەیە، بەڵام وا لەتاک دەکات کە بچێتە نێو جەماوەرەوە، یان بڵێین هۆکارەکانی بەشداریکردن لەجەماوەردا چین؟

بەشێوەیەکی گشتی دەکرێ لەم دووخاڵەدا ئەو هۆکارانە بەرچاو بخەین:

* تاک وەختێک کەهەست بە بێمتمانەیی و دڵەراوکێ و مەترسی و، لەولاشەوە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی، پێی وایە جەماوەر بەهێزو یەکگرتوویی دەتوانێ لەرێگەی بەشداریکردنیەوە بگاتە خواستەکانی، لەتەک ئەوەشدا مرۆڤ لەژیانی رۆژانەیدا رووبەڕووی فشاری هەمەجۆر دەبێتەوەو رێگریی زۆر دێتە بەردەمی، زۆربەی ئەو رێگریانەی لە (ژیانی ستوونی) واتە ژیانی ئاسایی و لەلایەن کەسانی سەرووی خۆی دێتە رێگەی، بۆ دەربازبوون و رزگار بوون لەو جۆرە ژیانە پەنا دەباتە بەر جەماوەر کە ژیانێکی (ئاسۆیی)یەو ئەو رێگریانە بوونی نامێنێ و دواجار لەو فرەییەدا هەموو ئەندامانی جەماوەر یەکسان و چون یەکن.

* لە بەئەندامبوونی بۆ جەماوەر / تاک هەمیشە هەست دەکات لەسەر هەقە، بۆیە ئەوەش ئاسوودەییەکی پێدەبەخشێ و، لەوێشدا هەموو ئەو رەفتارانەی دەیکات بەلایەوە راست و تەندروستە.

لەنێو جەماوەردا "هێما" رۆڵێکی گرنگ دەگێرێت. بۆیە هەمیشە لەخۆپێشاندانەکانی جەماوەردا یان لەبەردەم تەلارێک کە هێمای دەسەڵات بێ کۆدەبنەوە، یانیش پەلاماری دیارترین رەمزو هێمای دەسەڵات دەدەن و دەیشێوێنن. بۆ نموونە لەخۆپێشاندانەکانی فەڕەنسادا لەوەختی خۆیدا کە جەماوەر خۆپیشاندانی ئەنجام دا، پەلاماری قەڵاو زیندانی "پاستێل"ی دا، کەهێما بوو بۆ شێوەی دەسەڵاتی پڕجەورو ستەمی ئەو دەمی فەرەنسا. ئەو پەیوەستبوونەی جەماوەر بەدوای (هێما)دا دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەندامانی جەماوەر لەبەرئەوەی وەکو یەکو لەیەک ئاستدا نین لە تێگەیشتنی رووداوەکان و ئامانجی کارەکەیان، بۆیە دواجار لێکچواندن و وێنەیەکی زەینی پێویستە بۆئەوەی ببێتە ئەندامی جەماوەر. واتە گرنگترین هەنگاو لەپێکهاتنی جەماوەردا دروست بوونی وێنەیەکی زەینییە "ذهنی" بۆ ئامانجەکە.

چوارەم:

"تێڕوانینی جیاجیا بۆ جەماوەر"

یەکەم: گوستاف لیبۆن و جەماوەر



ساڵی "1896" دەروونناسی فەڕەنسی گوستاف لیبۆن کتێبێکی بەناوی "جەماوەر" نووسی. لەو کتێبەیدا ئاوڕێکی جددی لە مەسەلەی پێکهاتنی جەماوەر داوەتەوەو، کۆمەڵێک لایەنی جیاجیای شیکردۆتەوە. ئەو پێی وایە هەر تاکێک کە ببێتە ئەندامی جەماوەر کۆمەڵێک تایبەتمەندی دەبێ، لەوانە:

1- زۆر بەخێرایی باوەڕ دەکات "خۆش باوەڕ دەبێ"واتە لێرەدا پڕوپاگەندەو واتە وات دەرفەتی خۆی وەردەگرێ و تەشەنە دەکات.

2- ناتەندروست بیردەکاتەوەو هەڵچوون زاڵە بەسەریدا. ئەوەش وا دەکات شتەکان وەکو خۆی نەبینێت "تەنها رەش و سپی دەبینێ".

3- دەمارگیر دەبێ و دەرفەت نادات بە دیالۆگ و نەیاری.

4- کەسێکی ملکەچ و کۆنترۆڵ کراو دەبێ.

5- هەستی ئەخلاقی لەلا نامێنێ و هەست بە بەرپرسیارێتی خۆی ناکات.
6- بەخێرایی دەگۆڕێ و تووڕە دەبێ، چونکە لەژێر کاریگەری کارتێکەرە دەرەکێکان دایە.
7- جەماوەر هەستی سادەو ساکارە، واتە تاکەکانیشی بەو شێوەیەن.

"لیبۆن" پێی وایە رەفتاری جەماوەر بریتی نیە لە کۆی رەفتاری تاکەکان و ئەندامەکانی جەماوەر، بەڵکو لە ئەنجامی رەفتاری ئەوانەدا، رەفتارێکی تازە دروست دەبێ کە زۆر جیاوازە لەرەفتارەکانی ئەوان. پرۆسەکەش بەچۆنیەتی دروست بوونی ئاو دەشوبهێنێت. ئاو کە لە هەردوو گازی (ئۆکسجین و هایدرۆجین) پێک دێت. ئۆکسجین گازێکە ناسوتێت، بەڵام یارمەتی سوتان دەدات. هایدرۆجینیش گازێکە دەسووتێت و یارمەتی سوتان نادات. بەهەردوو ئەو گازە، شلەمەنیەک دروست دەکەن کە ئاوەو سیفەتەکانیشی زۆر جیاوازە لە پێکهاتەکانی کە بریتییە لە شلەمەنیەک کە نەتامی هەیە نەبۆن، نە دەسووتێ و نەیارمەتی سوتان دەدات.

بەلای (لیبۆن)ەوە سێ مەرجی گرنگ هەن لەدروستبوونی جەماوەردا، کە ئەمانەن:

* ژمارەیەکی زۆر خەڵک لەشوێن و کاتێکدا گرددەبنەوە، بەشێوەیەک کەوا لە تاک بکات کە هەست بەهێزو توانا بکات و هانی بدات کە تەسلیمی هێزی جەماوەربێت.

* پەتایەکی سڕکەری کارا هەبێ و بەخێرایی و بە سادەیی بگوازرێتەوە لەنێو جەماوەردا، چونکە پێی وایە کە دەبێ کاراو کردارو سۆزی جەماوەر ئامادەبکرێ بەشێوەیەک کە بەرژەوەندی جەماوەر لەسەر رووی بەرژەوەندی خۆیەوە دابنێت، کە پێچەوانەی سروشتی مرۆڤە! بۆیە ئەگەر پەتایەکی سڕکەر، یان (حەبی خەو) نەبێ ئەو پرۆسەیە بە ئاسانی ئەنجام نادرێت.

* ئیحایەکی زۆر هەبێ و بەتەواوی زاڵبێت بەسەر تاکەکاندا بەشێوەیەک کەخۆی لەخۆیدا ببێت بە (حەبی خەو)!

تەنانەت لیبۆن دوو هۆکارەکەی دواوە بە گرنگترین هۆکار دادەنێت کە وادەکات جەماوەر کاری تێکدەرانە ئەنجام بدات و پێی کاری تێکدان نەبێت! پێی وایە کە کەسێتی تاک لەنێو جەماوەردا دەکشێت و فراوانتر دەبێ، هەرئەوەش وایلێدەکات کەخۆی بە بەرپرسیار نەزانێت بەرامبەر بە هەڵسوکەوتەکانی. بەگشتی پێی وایە کە جەماوەر رەفتارەکانی سۆزو هەڵچوون و توندو تیژی زاڵن بەسەریداو کەسێتی و ئیرادەی تاک تیایدا بزر دەبێ و ناعەقڵانیەت باڵ دەکێشێ بەسەریدا. واتە جەماوەر بەرەفتارێکی نزم و خراپ لە قەڵەم دەدات و تەنانەت بەتێکشکانی لەپایەی مەدەنیەت و کۆیلایەتی ئەژماری دەکات.

تیۆرەکەی لیبۆن رووبەرووی کۆمەڵێک رەخنەو راستی دەبێتەوە لەواقیعدا کە دیارترینیان ئەمانەن:

1- لەپێکهاتنی جەماوەردا زۆر جەختی لەسەر ژمارەی جەماوەر کردۆتەوە کە لە راستیدا تەنها زۆری ژمارە مەرج نیە لەدروستبوونی جەماوەردا.

2- بۆی هەیە جەماوەری تورەو توندوتیژ لەحاڵەتێک لە حاڵەتەکان بەپێی هۆکارەکانی دروستبوونی هەبێ، بەڵام هەموو جۆرێکی جەماوەر لەیەک ناچن وەک ئەوەی ئەو پێی وایە کە جەماوەر بەگشتی تێکدەرە.

3- زۆر سەرچاوە لیبۆن بەداکۆکیکەر لە ئەرستۆکراتییەکان دەزانێ و دەگوترێ ئەو دژە جەماوەرییەی لەوێوە سەرچاوە دەگرێ.

4- پێی وایە جەماوەر تێکدەرەو ناتوانێت پاڵەوانێتی تۆمار بکات، بەڵکو پاڵەوانێتی بە ئەرکی تاک دەزانێ کە جەماوەر رێگریەتی، لەکاتێکدا لە مێژووی هەر وڵاتێکدا دەیان نموونەی پاڵەوانێتی جەماوەری هەیە.

بەشێویەکی گشتی دەکرێ ئەو رایەی "دین مارتن" دووبارە بکەینەوە کە پێی وایە (لیبۆن) گەیشتۆتە دوو هەقیقەتی گرنگ:

یەکەم: جەماوەر دیاردەیەکی دەروونی زاڵەو، رەفتاری جەماوەر زۆر جیاوازە لەکۆی رەفتاری ئەندامەکانی.

دووەم: نەست بەشێوەیەکی گشتی یان بەشێوەیەکی لاوەکی باڵ دەکێشێت بەسەر بیرکردنەوەو سۆزو هەڵسوکەوتی جەماوەردا.

فرۆیدو جەماوەر:



لەکتێبی (دەروونناسی گروپ و شیکردنەوەی خود)دا فرۆید ئاوڕ لە مەسەلەی جەماوەر دەداتەوە. زۆرترین ئاوڕدانەوەشی بەلای گۆڕانی رەفتاری تاک لەنێو جەماوەرو قسەکردنە لەتەمەنی هەندێک گروپ.

ئەو پێی وایە کە لە دۆخی دروستبوونی جەماوەردا فشاری دەوروبەر کەم دەبێتەوەو چەپاندن (الكبت) نامێنێت لەلای تاک و ئەوەش رێگە خۆشکەرە بۆئەوەی کە تاک هەست بە بەرپرسیاریتی و ئاکار نەکات بەرامبەر بە رەفتارەکانی. تەنانەت (ویژدان)یشی لەدەستدەدات کە وەکو بەرهەمێکی ترس لەکۆمەڵگادا لەلای تاک پەیدا دەبێ، چونکە کۆمەڵگا لەو وەختەدا دژ بە تاک نابێت کە بۆتە ئەندامێکی بەشداربووی جەماوەر، کە لە راستیدا لەو وەختەدا خودی جەماوەر کۆمەڵگایە!

لەوەها دۆخێکدا ئەگەر کاتییش بێت مرۆڤ لەچەپاندن و گرفتەکانی ژیانی رۆژانەو فشارەکانی رزگاری دەبێ و هەست بە حەسانەوە دەکات و هەندێک رەفتارو هەڵسوکەوت ئەنجام دەدات، کە لە کاتی پێش جەماوەردا ئەنجامی نادات کە ئەوەش بەرهەمی قۆناغی جەماوەرە. بەپێی ئەم بۆچوونەی (فرۆید) کاردانەوەو پەرچەکرداری جەماوەر بەرهەمی کۆمەڵگایەو خۆی لەخۆیدا رەفتارێکی خۆڕسکانەی جەماوەر نیە، چونکە چەپاندن پرۆسەیەکە لە ئەنجامی فشارو پێداویستیەکانی لایەنی بابەتییەوە چێ دەبێ. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو پێی وایە کە مرۆڤ نەک هەر ئاژەڵێکی مێگەلییە وەکو ئەوەی کە "ترۆتەر" ناوی دەبات، بەڵکو ئاژەڵێکی "رهگی"یەو سەرکردەو سەرۆک بەرێوەی دەبات. سەرۆک و سەرکردە بۆ بەرێوەبردنی گروپەکان و مانەوەی گروپ بەیەکگرتوویی کارێکی زۆر گرنگە، (فرۆید) پێی وایە مانەوەی هەندێک گروپ بەیەکگرتوویی بۆ کات و ساتێکی زۆر دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی کە سەرۆک و سەرکردە بەیەک چاوو بەیەک ئاست و بەیەکسانی مامەڵەو هەڵسوکەوت دەکەن لەگەڵ ئەندامەکانداو جیاوازی ناخەنە نێوانیانەوە. واتە دەبێ سەرۆک عەقڵێکی جەمعی بێت و لەکۆی رەفتارەکانی تاکەکانی نێو جەماوەردا دروست بوو بێ، نەک بۆخۆی شتێکی جیاواز بێت. هاوشان لەگەڵ ئەوەشدا گرنگی سەرۆک و سەرکردایەتی لەنێو جەماوەردا دەردەخات.

لەلای (فرۆید) وەختێک بچوکترین کوڕ باوکی دەکوژێت بەهۆی ململانێوە لەسەر مەسەلە سێکسییەکان.باوکی کوژراو دەبێ بەرەمزو خواوەند. دایک کە لەپشت کوشتنی باوکەکەیە بەدەستی کوڕەکەی دەبێ بەهێماو خواوەند. کوڕە بکوژەکەش دەبێ بە (پاڵەوان). پاڵەوانێک کە بە کۆبوونەوەی براکانی دیاریکراوە بۆ ئەوەی باوکی بکوژێت. وەختێک ئەوانە کە باوکیان دەکوژن پەشیمان دەبنەوە، ئەوان دەچن سرووت بۆ باوکیان ئەنجام دەدەن و قوربانی پێشکەش دەکەن، زۆرێک لە شارەزایانی بواری جەماوەر ناسی پێیان وایە ئەنجامدانی ئەو سرووتە بۆخۆی سەرەتایەکە بۆ پەیدا بوونی جەماوەر.

ئەم دیدگایەی فرۆید بێ رەخنە نەبووە، بەڵکو وێرای ئەوەی کە هەندێک پێیان وایە کە گرێدانی پێکهاتەی جەماوەر بە نەستەوە راستی تێدایە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مەرج نیە ئەو دیدگایەی فرۆید بۆ هەموو جۆرەکانی جەماوەر راست بێت بەتایبەتی کە چەندین جۆری جەماوەر هەیە.

"دین مارتن و جەماوەر"

یەکێکی دیکە لە لایەنگرانی بەرەنگاربوونەوەی جەماوەر، کە جەماوەر بە هەڕەشەی سەر مەدەنیەت و شارستانیەت و ژیانی کۆمەڵایەتی دەزانێت. (دین مارتن)ە، کە بە ئاشکرایی لە کتێبەکەی دا "السلوك الجماهيري"دا بۆچوونەکانی دەخاتە روو.

مارتن لەلایەک وەکو لۆبۆن پێی وایە کە کەسێتی تاک لەناو جەماوەردا نامێنێ، بەڵام پێی وانیە کە عەقڵی جەمعی دروست ببێ، بەڵکو (فرۆید) ئاسا پێی وایە کە لەنێو جەماوەردا نەست "لاشعور"رۆڵی خۆی دەگێرێت. ئەو پێی وایە ئەو کاتە کۆمەڵە خەڵکێک دەبنە جەماوەر کە سەرەنجی هاوبەشیان هەبوو بۆ بابەتێکی دیاریکراو.

لە تیۆرەکەی مارتن دا سایکۆلۆژیا لەهەموو شتێکی دیکە دیارترە. پێی وایە کە تاک لە ململانێدایە لەنێوان رەفتاری ئاسایی پەسەند لەرووی کۆمەڵایەتیەوە لەگەڵ خواستی خۆپەرستی خۆی، کە زۆرجار ئەنجامەکەی چوونە نێو جەماوەرەو کە دواجار کەسێکی نەخۆش دروست دەکات، کە تووشی نەخۆشی (نێرگسیەت) بووە، لەبری خۆ پەرستیی جەماوەر دەپەرستێ، واتە رەفتاری جەماوەر بریتییە لە نەخۆشییەکی دەروونی یان جۆرێکە لە شێتبوونی گشتی لەپێناوی هەڵاتن و راکردن لە واقیع.

لەلایەکی دیکەوە مارتن پێی وایە کە هەر جەماوەرێک وەهم و نموونەی باڵاو خەونی خۆی هەیە، خەونێک کە لە خەونی نەخۆشێک دەچێت کە تووشی نەخۆشی خۆ بەزلزانی و خۆپەرستی بوو بێت. وەزعیەتی جەماوەریش بوارێکی سایکۆلۆژیەو بۆی هەیە پاڵنەرە سەرەتاییەکانی مرۆڤ بوروژێنێت و رەفتاری کۆنترۆڵ بکات. بەنەمانی رەقیبیش لەناو جەماوەردا بوارەکە وای لێدێت

که تاک لەناو جەماوەردا توندوتیژو ماددی بێت و پەلاماردەرو ئازار بەخش بێت و هەست بە نارەحەتی و ویژدان و پەشیمانی لە کارەکانی نەکات. وروژانی پاڵنەرە سەرەتاییەکانی تاک لەنێو جەماوەردا هۆکارێکی بەهێزە بۆئەوەی تاک و جەماوەر بەگشتی پەلاماری موڵکەکانی بەرامبەرەکانیان بدەن لەحاڵەتی جەماوەردا. بۆیە دەبینین لەهەموو خۆپیشاندانە جەماوەرییە توندو تیژەکاندا پەلاماری موڵکەکان دەدرێ، وەک شکانی پەنجەرەو سوتانی ئوتۆمبێل و ئاگرکردنەوەو بەرد باران کردن. لەوەشدا جەماوەر لەزەت وەردەگرن.

هاوشان لەگەڵ نەخۆشی نێرگزیەتدا، مارتن پێی وایە کە جەماوەر تووشی نەخۆشی چەوساندنەوەی بەرامبەریش دەبێ! نەخۆشییەک کە لە ئەنجامی زۆری چەوسانەوەی خۆی لەلایەن نەیارەکانیەوە دروست بووە، وەختێک کە جەماوەر پێک هات جەماوەری چەوساوە دەبێت بە جەماوەری چەوسێنەر! واتە هاوکێشەیەکی تۆڵە ئامێز دروست دەبێ و مۆرکێکی جەلادو قوربانی لێ پەیدا دەبێت.

لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا (مارتن) پێی وایە کە ئەندامانی جەماوەر توانای لێکجیا کردنەوەی وەهم و هەقیقەت لەدەست دەدەن و هەمیشە لەحاڵەتی هەڵچوون دان.

" گتەربێرگ و جەماوەر"

مۆریس گتەربێرگ کۆمەڵناسێکی بەناوبانگی بەریتانیەو لەبارەی جەماوەرەوە کۆمەڵە راوبۆچوونێکی خستۆتە روو. پێی وایە کە جەماوەر بەتەنها بریتی نیە لە کۆبوونەوەی ژمارەیەک خەڵک، بەڵکو کۆمەڵێک سیماو تایبەتمەندی خۆی هەیە، دەبێ لە گردبوونەوەی کۆمەڵە خەڵکێکدا هەبێ تاکو بە جەماوەر ئەژمار بکرێن. دیارترین سیماش ئەوەیە کە ئاراستەی هاوبەش لەنێوان ئەو خەڵکەدا هەبێ بۆ سەرنجدان. واتە بابەتێکی هاوبەش و بەرژەوەندی و بۆچوون و هەڵچوونی هاوبەش لەنێوانیاندا هەبێ، نەوەک هەر یەکەو لەشوێنی خۆیەوە بیرکردنەوەو سەرنج و ئامانجی تایبەتی هەبێ، چونکە بەم شێوەیە ئەگەر خەڵکیش گردبێتەوە جەماوەر پێک نایەت!

لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە هەر ئەندامێکی جەماوەر هەست بە پاڵپشتی و هاوکاری ئەندامانی دیکەی جەماوەرەکە بکات، ئەو هەستە هێزی جەماوەر پێک دەهێنێت. ئەو هەستە مەزنێتی تاکو جەماوەر دروست دەکات تا ئاستی خۆ بەزلزان و لووتبەرزی. ئەو هەستە بۆخۆی جۆرێکە لە لەزەت و چێژ کە کەسانێک بەشداربێ لە هەست و راو هەڵچوونی ژمارەیەکی زۆری خەڵک، بەپێچەوانەوەش ئەو خەڵکە زۆرەش بەشداربن لەهی ئەودا.

ئەو هاوکێشەیە وا دەکات کە تاک لەنێو کۆدا "جەماوەر هەست بە پارێزراوی و شاراوەیی بکات و، خۆی بەبەرپرس نەزانێت بەرامبەر بەو کردەوانەی کە لە کاتی ئاسایدا پەیڕەوی ناکات. لەتەک ئەوانەشدا " گتەربێرگ "خۆی لە مەسەلە فکرییەکانی جەماوەر دەدات و، پێی وایە وەختێک تاک لەناو جەماوەردا وەکو تاک بیرناکاتەوە ئەوە ئاستی زیرەکی و بیرکردنەوە لەدەستدەدات و تووشی دۆگمایی فکری دەبێت، کە دواجار جەماوەر بە کۆمەڵە خەڵکێکی دۆگما دەناسێنێت. هۆکاری ئەو دۆگما بوونەش دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەو هەستەی جەماوەر، کەپێی وایە ئەندامانی جەماوەر دەتوانن هەموو شتێک دروست بکەن و موعجیزە بخوڵقێنن، یان بڵێین لەو هەستەوە دروست دەبێ کە جەماوەر پێی وایە بۆخۆی هەقیقەتێکی رەهایە.

لەلایەنێکی دیکەدا کە ناوبراو ئاماژەی بۆ دەکات دەرکەوتنی رۆڵی سەرکردەو پێشڕەوە کە جەماوەر زۆر دەکەوێتە ژێر کاریگەرییەوە، سەرکردە چۆنی بوێت بەو شێوەیە جەماوەر ئاراستە دەکات. خاڵێکی دیکەی گرنگی تێڕوانینەکانی گنزبرگ لەبارەی جەماوەرەوە بریتییە لەوەی جیاوازی لەنێوان جۆرەکانی جەماوەر دەکات. وێڕای تێڕوانینە نەگەتیڤەکانی لەو بارەیەوە، پێی وایە جۆرێکی لاوەکی جەماوەر هەیە کە مۆرکەکانی بریتییە لەتێکدان و شێوانی سیستەم و ئارامیی دەشێوێنێت، کە بە (جەماوری گێرەشێوێن- anarchism) ناوی دەبات، بەم پێیەش واتا ئەو پێی وانیە کە هەموو جۆرەکانی جەماوەر ئاژاوەگێر بێت، بەڵکو تەنها جەماوەری گێرەشێوێن ئەو رۆڵە دەگێرێت. بەڵام لە هەموو بوارێکدا ناو براو هیچ رۆڵێکی پۆزەتیف ناخاتە تەرازووی جەماوەرەوە، کە ئەوەش بۆخۆی رەخنەیەکی زەق لەتێڕوانینەکانی گنزبرگ دەگرێت.

"فلۆید ئەلپۆرت و جەماوەر"

فلۆید ئەلپۆرت یەکێکە لەو زانایانەی کە هاوشان لەگەڵ "مەکدوگل"دا دەچنە سەر ئەو تیۆرەی کەبە "تێکشکان و پەلاماردان (الاحباط والاعتداء) ناسراوە. ناوەڕۆکەکەی بریتیە لەوەی کە هەرچەندە جەماوەر تێک بشکێت و بێبەش و پەراوێز خراو بێت، ئەوەندە پەلامار دەرو دەستدرێژکەر دەبێ. واتە پێکهاتنی جەماوەر کاردانەوەیەکی بەرامبەر بەو رێگریانەی کە دەخرێنە بەردەمیان. لێرەشەوەیە کە (ئەلپۆرت) جەماوەر بەیەکێک لە گروپەکانی تێکۆشان ناو دەبات کە ئەندامانی تێدەکۆشن لەپێناوی

نەهێشتنی ئەو کۆسپ و ڕێگریانەی کە دەخرێنە بەردەم وەدیهاتنی خواست و ویستەکانیان. واتە لای ئەو جەماوەر بریتییە لەکۆمەڵە خەڵکانێک کە بارودۆخ ڕێگەی نەداوە خواستەکانیان وەدی بێت.

"ئەلپۆرت" یەکێکە لەو کەسانەی کە پێی وایە ڕەفتاری جەمعی بریتییە لە گەورەبوونی ڕەفتاری تاک، بەو واتایەی کە ڕەفتاری جەمعی بریتییە لە کۆی ڕەفتاری تاکەکان، نەک بۆخۆی ڕەفتارێکی تازە بێت وەکو ئەوەی کە لۆبۆن بۆی دەچێ. بەپێچەوانەی (دین مارتن)یشەوە، ئەلپۆرت پێی وا نیە کە پاڵنەرەکانی پشتی پێکهاتنی جەماوەر هەموویان هۆکاری نەستی بن، بەڵکو ژمارەیەکی زۆریشیان هەستین. لێرەوەیە کە (ئەلپۆرت) پێی وایە پاڵنەرەکانی پێکهاتنی جەماوەر گرێدراوە بە دوو لایەنەوە، یەکەمیان پارێزگاری کردن لە "خود" لەمەترسی نەبوون و برسێتی. دووەمیشیان پارێزگاریکردن لە "جۆر" لەمەترسی لەناوچوونی یەکجارەکی. پێی وایە هەر ئەو دووهۆکارەشە کە وا لەمرۆڤ دەکات بچێتە ریزی جەماوەرو لەوێشدا پەنابەرێتە بەر پەلاماردان و دەستدرێژی، جا چ بە ئەنقەست یان بە نا ئاگایی بێ. ئەم بۆچوونەش بۆی هەیە لەوێوە سەرچاوەی گرتبێ کە لە سەردەمی ئەلپۆرتدا زۆرینەی خۆپیشاندان و چالاکیە جەماوەرییەکان دژ بە هەژاریی و برسێتی لەلایەک و لەولاشەوە دژ بە شەڕو کاولکاری بووبێت. بۆیە هۆکارە پاڵنەرەکان بەتایبەت لەو دوو گۆشەنیگایەوە دەبینێت.

لایەنێکی دیکە کە ئەلپۆرت لە تێڕوانینەکانی بۆ جەماوەر گرنگی پێداوە، مەسەلەی گوڕوتین و سووربوون و هاندانی خەڵک و کاریگەرییەکانێتی لەسەر جەماوەر. ئەو پێی وایە ڕەفتاری جەماوەریی لەئەنجامی عەقڵی جەمعی دروست نابێ، بەڵکو لەئەنجامی هاندانی خەڵک بۆ تێرکردنی پێداویستیەکانی بەشێوەیەکی جەمعی دروست دەبێ، واتە گوڕوتین و هاندان، جەماوەر دروست دەکات و گەورەو بەهێزی دەکات. بەڵام هەر ئەم کەشە پڕ لە گوڕوتینە وا دەکات تاک هەستی ڕەخنەیی لاواز بێت و لەکەش و هەوای جەماوەریدا زۆر بەزوویی و بێ چێک کردن بۆچوونەکانی بەخێرایی وەربگرێت.

لەگەڵ ئەوانەشدا (ئەلپۆرت) پێی وایە کە جەماوەر دەرفەت دەڕەخسێنێ بۆ ئەندامەکانی تاوەکو چارەی گرفتە دەروونییەکانیان بکەن، کە هەر لە فیدراڵییەوە بەهۆی چەپاندن و گوێگرتن و چاکەو خراپەو پاداشت و سزاوە بۆیان دروست بووە. چونکە لەنێو جەماوەردا بەهۆی نەمانی ململانێی نێوان دیسپلینی کۆمەڵایەتی و هێزی پاڵنەرە کەسییەکان، دیسپلینی کۆمەڵایەتی باو لەناو دەچێ، ئەوەش وا دەکات ڕێڕەوی کارەکان هەندێک جار بە ئاقاری توندوتیژیدا دەربکەون.

"ئەلیاس کناتی و جەماوەر"

دکتۆر ئەلیاس کناتی ساڵی (1905)لە بولگاریا لەدایک بووەو، لەتەمەنی شەش ساڵییەوە کۆچ دەکەن بۆ ئینگلتەرا. دوای مردنی باوکی لەگەڵ دایکی و براکانی دەچنە (ڤێنا)و هەر لەوێ خوێندنی دکتۆرا تەواو دەکات.

سەرەتای گرنگی دانی بە دیراسەکردنی جەماوەر دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دەمەی کە وەکو خۆی باسی دەکات لەتەمەنی نۆ ساڵیدا بووەو جەماوەرێکی نەیار لەخۆی و براکانی دەدات.

(کناتی) لەچەند لایەنێکەوە دەروانێتە جەماوەر بەم شێوەی لای خوارەوە:

یەکەم: مەترسی دەستلێدان

مرۆڤ زۆر لەوە دەترسێ کە شتێکی بەربکەوێت یان دەست پێبکەوێت بەتایبەتی لەشوێنە تاریک و نا دیارەکاندا، ئەوەش لە مەترسی جەستەو ڕۆحی خۆی لەپێناوی ئەوەی کە شت بەجەستەی نەکەوێت لەلایەک خانوو ماڵی دروست کردووە، لەولاشەوە جلو بەرگ و پۆشاک. لێرەشەوە کۆبوونەوەی ژمارەیەک خەڵک کە جەماوەر پێک دێنن هەر یەکێکیان بۆئەوەی دیکە دەبێتە بەرگ و دەوروبەری دادەپۆشێت و نایەڵێت مەترسی بگاتە جەستەی. بۆیە تاوەکو جەماوەر زۆر بێت ترس کەمتر دەبێت، ئەو پاڵپشتییەی ئەندامانی جەماوەر بۆیەکدی تەنها لەرووی جەستەیی نیە، بەڵکو رووە دەروونیەکەش دەگرێتەوە، ئەندامانی جەماوەر هەست دەکەن یەک لەش و یەک جەستەن بۆیە لەیەکتر ناترسن، یان لەبەر ئەوەی کەسەکان هەموویان لەیەک ئاستی بیرکردنەوەدان و یەک چارەنووسیان هەیە لەو فرەییەدا بۆیە لەیەکتر ناترسن.

دووەم:

هەر تاکێک لەکۆمەڵگادا پێگەی هەیەو، جیاوازی پێگەکان لەوڵاتێکەوە بۆ یەکی دیکە جیاوازە، پێگەی کەسێتی چ بەهۆی پیشە یان موڵک و پارەو..هتد دروست دەبێ. هەریەکێکیشیان کۆمەڵێک پابەندبوونی هەیەو، ڕێگری دەخەنە بەردەم مرۆڤ. هۆکارەکانی دروست کردنی پێگەی کۆمەڵایەتی زۆرجار وادەکەن مرۆڤ لە مرۆڤەکانی دیکە دا ببڕێت چ بەهۆی موڵک و سامان یان پلەوپایە یان هەر هۆکارێکی دیکەوە بێت، تەنها لەحاڵەتی جەماوەردا ئەو پێگانە بەهای نامێنێت و جیاوازییەکانی نابنە هۆکاری لێکدابڕان. بەزاندنی ئیلیتیزامی پێگەی کۆمەڵایەتی زۆر قورسە بۆ تاک، بۆیە پەنا دەبەنە بەریەک و لەوپێناوەدا جەماوەر

دروست دەکەن. (کناتی) ئەو قۆناغە بەقۆناغی (رزگاری) ناو دەبات کە جیاوازییەکانی خەڵک تیایدا بەکۆتا دێت و یەکسان دەبن بۆ ماوەیەکی کاتی. کاتییەکە لەوەدایە کە هەر تاکێک چووەماڵەوەو جەماوەر نەما سەر لەنوێ هەست بەجیاوازییەکان دەکاتەوە.

سێیەم: وێرانکردن و تێکدان

زۆربەی جەماوەرەکان پەنا دەبەنە بەر تێکدان و شکانی دەرگاو دیوارو پەنجەرەو ئوتۆمبێل و پەیکەرو بت و..هتد. (کناتی) پێی وایە دەنگی ئەو شکان و تێکدانە جەماوەر تێردەکات و لەزەتێکە بۆیان وەک ئەوەی لەو دەنگانەوە ژیانێکی نوێ دروست ببێ. شکاندن تەنها ئەو شتانە ناگرێتەوە کە بە ئاسانی دەشکێن، بەڵکو ئەو شتانەش دەشکێندرێت کە هێزێکی زۆری دەوێت بۆ شکانی" لەکۆندا مەسیحییەکان سەروباڵی خواوەندەکانی گریکیان شکاند"، خەڵکی ئەلمانیا پەلاماری دیواری بەرلینیان دا ، خەڵکی عێراق بتەکانی سەدامیان وێرانکردو..هتد. واتە جەماوەر پەلاماری ئەو بابەتانە دەدات کە بۆتە هێماو سیمبولی دەسەڵات، یان پەلاماری ئەو وێنانە دەدات کە لە زەیندا بۆتە واقیع و رۆژێک لەرۆژان جەماوەر لەلای پەسندبوو، بەڵام بە هۆی چەندین فاکتەرەوە ئێستا جەماوەر رەتی دەکاتەوە.

جەماوەر زۆر ئاگر بەکاردەهێنێت کە ئامرازێکی سوتان و تێکدانە، لەلایەک لەدەرەوە دیارەو، لەولاشەوە زیاتر سەرنجی خەڵک رادەکێشێ، لە سوتانی شتەکاندا وایان دەگۆڕێت کە بە ئاسانی وەکو خۆی لێنایەتەوە. هەروەها ئاگر لەناو خۆیدا چەندین ئاگرەو خێرایی بڵاوبوونەوەیی و گەرماییەکەی هەموو وا دەکەن کە جەماوەر پەنای بۆ ببات و بەهێماو سیمبولێکی گرنگی خۆی بزانێت و لەزۆربەی کارەکانیدا بەکاری بهێنێت. لەتەک ئەو سیمبولەش جەماوەر باو بۆران و لافاوو دەریاو گوڵە گەنم و خۆڵ بە سیمبولی خۆی دەزانێت وەکو (کناتی) باسی لێوە دەکات.

چوارەم: تەقینەوە:

لەم لایەنەوە (کناتی) باسی لەگرنگی (شار) دەکات کە وا دەکات بەخێرایی و بەپەلە جەماوەری تێدا دروست بێ، ئەویش بەهۆی زۆری ژمارەی دانیشتوان تیایدا. ئەو باس لەوە دەکات کە لەم جۆرە شارانەدا قۆناغی "جەماوەری داخراو" بەکۆتا دەگات، کە جۆرە جەماوەرێکە خەڵک دەستەمۆو ماڵی و تەمبەڵ دەکات، چونکە لەراستیدا وەکو دەزگای لێهاتووە.

(کناتی) پێی وایە (جەماوەری کراوە) لەشاردا دروست دەبێ، لەئەنجامی هەڵگەڕانەوە لە (جەماوەری داخراو)و (کناتی) ئەو دیاردەیە بە تەقینەوە یان جیابوونەوەو لادان ناو دەبات، چونکە گۆڕانێکی لەناکاوە لەجەماوەری داخراو بۆ جەماوەری کراوە.

پێنجەم: چەوسانەوە:

گرنگترین سیمای جەماوەر بریتیە لەوەی کە هەمیشە هەست بەچەوسانەوە دەکەن. بۆیە بەردەوام تورەن بەرامبەر بەوانەی دەیانچەوسێننەوە، ئەو هەستی چەوسانەوەیە وا دەکات بەخێرایی زۆر ببن و گەشە بکەن، هەمیشە جەماوەر لە گروپێکی بچووکەوە دەستی پێکردووەو وردە وردە گەورە بووە. جەماوەر بە پەلاماری پۆلیس و تەقەکردن بەکۆتا نایەت واتە لەدەرەوە شەڕیان لەگەڵ بکرێت ئەوان لەناوە خۆیان پتەوتر دەکەن. بەڵام زۆرجار ترس و خیانەتی ناوخۆیی دەکەوێتە ریزیانەوە.

شەشەم/ حاڵیکردن:

(کناتی) باس لەوە دەکات کە ئاینە جیهانییەکان لەسەرەتاوە هەموویان هەوڵیان داوە کە هەموو خەڵک لەخۆیان کۆبکەنەوەو جەماوەرێکی فراوان پێکبهێنن، بەڵام دواتر نەیارو رکابەریان بۆ دروست بووەو نەیانتوانیوە ئەو ئامانجە وەدی بهێنن. بۆیە پێی وایە لەخوێنی هەموو ئاینێکدا هەستێک هەیە کە پێی وایە جەماوەر خائینە!

لەتەک ئەو شەش ئاستەدا "ئەلیاس کناتی" باس لە تایبەتمەندییەکانی جەماوەری دەکات کە دەکرێ بەم شێوە کورتە بیانخەینە روو:

1- جەماوەر بەردەوام ئامانجی گەشەکردن و، سنورێکی نیە بۆ گەشەکردن، هەرکاتێک سنور دانرا، دەبێتە "جەماوەری داخراو"

2- یەکێک لەدیاردەکانی جەماوەر یەکسانییە. نابێت جەماوەر گومانی لە یەکسانی بوونی خۆی هەبێ. وەختێک گومان پەیدا بوو لەناو دەچێ.

3- جەماوەر دەیەوێت قەبارەی زۆرو گەورە بێت، هەرچەندە گەورەتر بێت هەستی پێ ناکات و خۆی بەش بەش ناکات.

4- جەماوەر پێویستی بە دیدگا هەیە. جەماوەر لە جوڵەی بەردەوام دایە بەرەو ئامانجەکانی. ئامانجەکانی دەبێت هاوبەش بێت. تەنها بەو هاوبەشیە دەتوانێ بمێنێتەوە، چونکە بەردەوام ترسی هەڵوەشانەوە هەیە لەناو جەماوەردا.

"هربەرت بلومەرو جەماوەر"

هربەرت بلومەر چوار جۆر جەماوەر لێکجیادەکاتەوەو، بەجیاجیا باسیان لێوە دەکات.

بەم شێوەیە دابەشیان دەکات:

یەکەم/ جەماوەری کاتی: جۆرە جەماوەرێکە بۆ ماوەیەکی کاتی کۆبۆتەوەو رێکخستن و دیسپلینی تێدانیەو پەیوەندییەکی ئەوتۆ لەنێوان تاکەکانیدا نیەو نموونەی ئەو جەماوەری کە تەماشای ئاگرکەوتنەوە یان رووداوی ماشێن ..هتد، دەکات.

دووەم/ جەماوەری تەقلیدی tradition: لەجۆری یەکەم دەچێ، بەڵام رێکخراوەو ئامادەکاریی پێشوەختی بۆ کراوەو دانپێدانراوە. نموونەی جەماوەری یاری تۆپی پێ و..هتد، کە بۆ خۆیان جەماوەرێکی تایبەتین.

سێیەم/ جەماوەری کارا: جۆرێکە لەجۆرەکانی جەماوەر کە ئامانجی هەیەو، لەدۆخی هەڵچوون دایەو ئازار بەخش و ئاژاوەگێرن. زانایان زۆرترین گرنگیان بەم جۆرە جەماوەرە داوە.

چوارەم/ جەماوەری سروشت و بۆنە ئاینی و بۆنەو ئاهەنگە گۆرانی و مۆسیقاکان و..هتد.

بلومەریش وەکو پسپۆڕانی دیکە زۆرتر ئاوڕ لە جەماوەری کارا دەداتەوە، کە هەندێک بە "جەماوەری سایکۆلۆژیا" ناویان دەبەن کە چەندین تایبەتمەندی هەیە، لەوانە:

* گروپێکی خۆرسکەو لەئێستادا دەژی، واتە بۆماوەو مێژوویان نیەو، نەریت و پێشبینی چەسپاویان نیەو، رێساو دیسپلینیشیان نیە. هەروەها لەنێو خۆیاندا کار دابەشکردن و سەرکردایەتی دیارو ناسراوو پێشوەختیان نیەو، بنکەو بارەگایان نیە.

* نەبوونی هەموو ئەوشتانەی لای سەرەوە وا دەکات هەڵسوکەوتی پێشبینیکراو ئەنجام بدەن، چونکە ئەوان رێساو یاسایەکی دیاریکراویان نیە پێوەی پابەندبن، بەڵکو ئەوان بەپێی هەڵچوون و رۆژان و کردەوە دەنوێنن.

* جۆرە جەماوەرێکی ناجێگیرەو ئاڵوگۆڕی زۆری بەسەردا دێت بەخێرایی و لەماوەیەکی کورت دایە هەروەها جەماوەرێکی نا بەرپرسن و دەکەونە ژێرکاریگەری بانگەشەوە. بەدواداچوون و رۆحی رەخنەو بەدواداچوون لەلایان نامێنێت.

* هەست بە پاڵپشتی یەکدی دەکەن، ئەوەش هێزێکی زۆریان پێدەبەخشێ و، وا دەکات بەردەوام خۆیان بەراست بزانن و، لەوێشەوە رەفتاری هەڵچوانە ئەنجام دەدەن.

* لەنێو ئەو جەماوەرەدا تاک وەکو تاک گرنگی بەخۆی نادات و، مرۆڤێکی رەخنەگرنیەو لەژێر کاریگەری هەست و سۆزدایە.

لەتەک ئەوانەشدا (بلومەر) یەکێکە لەو زانایانەی کە بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی لەرووی "ماوە"وە دابەش دەکات بۆ دووبەش:

1- بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی گشتی، کە ئامانجی گەورەو درێژخایەنی هەیە نموونەی ئەنجامدانی چالاکی جۆراوجۆر لەپێناوی وەدیهێنانی ئازادی کۆڕوکۆبوونەوەو خۆپیشاندان و..هتد.

2- بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە تایبەتەکان، کە بزوتنەوەی کاتی و سنوردارن، نموونەی خۆپێشاندان و مانگرتنی قوتابیانی یەک کۆلێژ یان کرێکارانی یەک کارگەو..هتد.

لەسەرووی هەموو ئەوانەشەوە، (بلومەر) پێی وایە جەماوەر بەچەند هەنگاوێکدا یان لەچەندین قۆناغ دروست دەبێ و هەر قۆناغێک تایبەتمەندی خۆی هەیە تا دواجار جەماوەری لێدروست دەبێ. لەپێشدا دەبێ رووداوێک هەبێ کە مۆرکی جاڕسکردنی هەبێ و سەرنجی خەڵک رابکێشێت تاوەکو گرنگی پێبدەن. لەقۆناغی گرنگی پێداندا مرۆڤ هەڵدەچێ و ناتوانێت خۆی کۆنترۆڵ بکات و لەرووی دەروونییەوە نا ئارام دەبێ و، هەوڵ دەدات هەرچۆنێک بێت پەرچەکردارێک ئەنجام بدات. لە دووەم هەنگاودا تاک پەنا دەباتە بەر کەسانی دیکەو رووداوەکەیان بۆ دەگێڕێتەوەو بیروڕا لەو بارەیەوە ئاڵوگۆڕ دەکەن و گەرموگوڕی حاڵەتێکی شعوری لەلایان دروست دەبێ و گونجان و متمانە لەنێوان تاکەکان دروست دەبێ و هەست بەیەکدی دەکەن و دەبنە سەرپشک بۆ یەکدی و لەم قۆناغەدا وێنەیەکی زەینی لەلایان دروست دەبێ کە لە دواتردا کاریگەری گەورەی دەبێ. هەنگاوی سێیەم هەنگاوی دروستبوون و پەیدابوونی جەماوەرە کە بەهۆی بابەتە هاوبەشەکەیانەوە دروست بووە، کە لە ئەنجامی رووداوە جاڕسکردنەکەوە دروست بووە. کە بەهۆیەوە لەلای جەماوەر لەقۆناغی پێشوودا کە ئەو بە قۆناغی "هاڕین و خولانەوە" دەناسرێت، وێنەیەکی زەینی دروست بوو. گرنگی وێنەی زەینی هاوبەش و بابەتی هاوبەش ئەوەیە کە جەماوەر بۆ یەک ئامانج ئاراستە دەکات. لەدوا قۆناغدا جەماوەر دەکەوێتە ژێر کاریگەری و وروژان و هاندەرەکان و لەژێر ئەو بارەدا ئامادەیە کاربکات و بۆ

سەرۆک و سەرکردەو پێشڕەوانی بگەرێتەوە. هەروەها بەهۆی وێنەی زەینیەوە جۆرێک لە "شعور جمعی" لەلایان دروست دەبێ و، بەمەش ئامادە دەبن کە ڕەفتاری توندوتیژ ئەنجام بدەن کە سیمایەکی بەرچاوی جەماوەری کارایە.

"جۆرەکانی جەماوەر"

هەروەک چۆن رای جیاجیا لەبارەی جەماوەرەوە هەیە، بەوشێوەیەش دابەشکردنی جیاجیاو ناوی جیاجیا لە جەماوەر دەنرێ. بەڵام لێرەدا ئاماژە بۆ ئەو جۆرە دابەشکردنەی جەماوەر دەکەین کە جۆرێک رێککەوتنی لەسەرە، بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

یەکەم: جەماوەری بکوژ/ ئەم جەماوەرە ئامانجێکی هاوبەشیان هەیە کە ئامانجێکی بەرچاوو نزیکە، بۆیە بەخێرایی وەدی دێت. هەر ئەندامێکی ئەو جەماوەرە دەیەوێت چنگی بگات بە (دوژمن/قوربانی)یەکەو لێرەشەوە دەیانەوێت نزیک بنەوە لە ئامانجەکە. ئەندامی ئەم جۆرە جەماورە ترسی نیە، چونکە جەماوەر بەپەرژینی خۆی دەزانێ.

دووەم: ئاژاوەچێتی "جەماوەری سزا" جەماوەرێکی ئازار بەخشە بە نەیارەکانی، جا چ پێشمەرگی بێت، یان پاشان. (لۆبۆن) بە جەماوەری سایکۆلۆژی ناوی بردوون و، ((بلومەر)یش بەجەماوەری کارا. "لە بەشی یەکەمی ئەم باسەدا لەبارەی جەماوەری کاراوە دواین".

سێیەم: جەماوەری هەڵاتن/ جۆرێکە لەجەماوەر کە لەئەنجامی هەڕەشەوە دروست دەبێ، تاکە رێگەیان هەڵاتنە، کە هەموویان هەڵدێن هێزێکیان لەلا دروست دەبێ. ئەم جۆرە جەماوەرە زۆر فراوانە، چونکە هەردوو رەگەزو هەموو ئاستەکانی تەمەن و جۆرەکانی پیشەو..هتد، تێدایە. بەڵام هەر تاکێکی دەیەوێت خۆی رزگار بکات، ئەگەر رێگریی بێتە بەردەم ئەم جەماوەرە دەشێوێت و یەکگرتویی جەماوەرەکە نامێنێت. لەبەرئەوەی ئامانجی ئەم جەماوەرە خۆپاراستنە، وەختێک کە جەماوەری هەڵاتوو گەیشتە شوێنێکی ئارام ئیدی هەڵدەوەشێتەوە. نموونەی ئاوارەیی گەلی کوردستان لە ساڵی 1991 کە (بەکۆڕەو ناسراوە).

چوارەم: جەماوەری یاساغکردن و حەرامکردن/ ئەو جەماوەرەیە کە کارێک یان بابەتێک یان کەسێک رەتدەکەنەوە، بەردەوام بەهۆی فاکتەری ناوخۆییەوە دروست دەبێ و هیچ دەستێکی دەرەکی لەپشتیەوە نیە. هەندێک بە (جەماوەری نەرێنی) ناوی دەبەن گوایە هەڵوێستیان مۆرکێکی نەرێنی هەیە. مانگرتن و خۆپیشاندانەکانی کرێکاران زۆربەیان لەم خانەیەدان.

پێنجەم: جەماوەری کودەتا، یان شۆرشگێر/ ئامانجی شۆرشگێرانەیان هەیە لە گۆڕینی رژێم و دەسەڵات. هەڵچوون و رێکخستنی زۆر بڵاو زاڵە بەسەریداو، جەماوەرێکی هەناسە درێژەو ئامانجیان دوورخایەنە.

شەشەم: جمک جەماوەر/ واتە لەیەک کاتدا دوو جەماوەر لەیەک شوێندا هەبێ چ رکابەری یەکدی بن و هەڕەشە بن بۆ سەریەکتر یانیش یەکدی تەواو بکەن.

لەوانەیە چەندین جۆری دیکەی جەماوەر هەبن لەوانە "جەماوەری بۆنەو ئاهەنگ و پرسەو..هتد".

" تیۆرەکانی جەماوەر"

پرسیارێک کە وەڵامەکەی ئەستەم بێ و پشکنین و گەڕان بەدوایدا درێژەی هەبێ. بریتیە لەوەی چ وا دەکات گردبوونەوەیەکی ئارامی ژمارەیەک خەڵک بگۆڕدرێت بە رووداوێکی توندو تیژانەو بە ئاژاوەگێریی و تێکدان ناو ببرێت؟ لەمیانەی پشکنین و گەران بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارەدا چەند تیۆرێک داهێنراوە کە هەریەکێکیان بەشێوەیەک لە شێوەکان بەدوای وەڵامدا دەگەرێت:

یەکەم: تیۆری پەتا/ لایەنگرانی ئەم تیۆرە پێیان وایە کە تاک لەنێو جەماوەردا کەسێتی خۆی لە دەستدەدات و هەموو ئەو پێوەرە رەفتاریانەش دادەماڵێت کە کۆمەڵگا بۆ تاکی دادەنێت، لەبەر ئەوەی لەنێو جەماوەردا رێکخستن کەمە شێواندنی زۆری تێدا دەبێ و، لەو دۆخەشدا واتە وات و پروپاگەندە رۆڵی خۆی دەگێرێت و بۆی هەیە کەسێک بیرو بۆ چوونەکانی بسەپێنێ بەسەر جەماوەرداو ببێتە سەرکردەی. تیۆرەکانی سەدەی نۆزدە پێیان وابوو غەریزەکانی مرۆڤ وا دەکات جەماوەر توندوتیژبێت. لەکتێبێکیاندا لە ساڵی (1973) یش (بروان و گۆلدن) پێیان وایە (تیۆری پەتا) لەسەر بنەمای "بەها" بونیاد نراوە، نەک لەسەر "تێبینی" ئەوان پێیان وایە کە وەزیفەی هەر جەماوەرێک ئاژاوەو تێکدان و دەرچوون لەیاساو هەڕەشە نیە لەیاساو سیستەمی کۆمەڵایەتی.

دووەم: تیۆری پەرچەکرداری هەڵچوون ئامێز/ "بلومەر" بەخاوەنی ئەم تیۆرە دادەنرێت. کە پێی وایە کردەوەی بێ ئامانج لە هەڵوێستی ناجێگیرو رارایەوە پەیدا دەبێ و ئەوەش وادەکات کە جەماوەر پەیوەستی بیرۆکەیەک یان سەرکردەیەک ببێت و

ئەندامانی جەماوەر ئاراستەی ئەو بیرۆکەیە زیاتر پتەو دەکەن، ئەوەش هێزی ئەوەیان دەداتێ کە کردەوەیەک یان رەفتارێکی جەماوەری ئەنجام بدەن.

سێیەم: تیۆری جێگیربوونی پێوەرەکان / ئارادەیەک بە تیۆرێکی تازە دادەنرێت، کە پێی وایە جەماوەر لەهەنگاوە نارێکخراوەکاندا هەوڵدەدەن جۆرێک لە لۆژیک و رێکخستن بدەنە رووداوەکان، هەروەها لایەنگرانی ئەم تیۆرە پێیان وایە جەماوەرو گردبوونەوە تەنها کۆکردنەوەی خەڵک نیە بەبێ پێوەر، بەڵکو بۆخۆی هەوڵێکە بۆ پەیدا کردنی پێوەرو رێسای رەفتار، بەپێی ئەم تیۆرە کاری ئاژاوەو تێکدان ناگەرێتەوە بۆ بارودۆخی نەبوونی و نامۆبوون، بەڵکو لەواقیعدا نموونەکانی سەلماندوویانە ئەوانەی کاری تێکدان و ئاژاوەیان کردووە هەموویان نەبوون و نامۆبوون. بۆ نموونە رووداوەکانی ساڵانی شەستەکانی سەدەی بیستەم لە ئەمریکا ئەو راستییەی دووپاتکردۆتەوە. هەربۆیە لایەنگرانی ئەم تیۆرە پێیان وایە کە لە پشتی ئاژاوەو تێکدانەوە هۆکاری سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی هەیە.

چوارەم: تیۆری ئاراستەی بەهای زیاد کراو/ ئەم تیۆرە بۆ "سملسەر" دەگەرێندرێتەوە کە لە ساڵانی 1962-1968 دیراسەیەکی تێروتەسەلی لەبارەی کۆ رەفتارو جەماوەرەوە کردووە. بەکورتی لە دیراسەیەکدا ئەوە دەردەکەوێت کە کۆرەفتار بەشەش قۆناغی پێکەوە گرێدراو تێپەر دەبێت، بەکورتی ئەمە چەند دێرێکە لەبارەی ئەو قۆناغانەوە:

1- ئاسانکاریی بونیادی: ئەم لایەنە زۆرتر گرێدراوی سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییە کە ئاخۆ دەرفەت دەدات بە کۆرەفتار تا دەرکەوێت، یان هەر لەسەرەتاوە رێگری دەکات؟ بۆ نموونە دەوڵەتە گشتگیرو دیکتاتۆرییەکان رێگە نادەن بە نارەزایی سیاسی و جەماوەریی، تەنانەت لە وڵاتە بەنێو دیموکراسیەکانیشدا یان رێگە نادرێت لەسەرەتاوە یان هەرزوو تۆمەتبار دەکرێن بەکلکایەتی دەرەکی و..هتد.

2- فشاری بونیادی: ئەم لایەنە گرێدراوی نا ئارامی و پەشێوییە. نائارامی لەئەنجامی ململانێ و چەوسانەوەو تێنەگەیشتن و نا بەرابەری لەبونیادی کۆمەڵایەتیدا دروست دەبێ و، وا لە تاک دەکات کە هەست بە چەوسانەوەو ناداد پەروەری و نایەکسانی بکات.

3- سەرهەڵدانی بیروبۆچوون و بڵاوبوونەوەی: ئەم قۆناغە ئەو دەمە دەستپێدەکات کەخەڵک لەژیانی خۆیدا شارەزابوو، بۆی رۆنبۆوە کە ئەو چۆن دەژی و خەڵکانی دیکە چۆن دەژین؟ هۆکارەکانی ئەو جیاوازیانەشی بۆ دەرکەوت، بۆ نموونە پۆلێنکاری دەبێ لەنێوان (من و ئەو، دەسەڵاتدارو بێ دەسەڵات، ئەوان و ئێمە، دەوڵەمەندو هەژارو..هتد بکرێ)

4- هۆکارەکانی یارمەتیدەر: واتە لەدوای پەیدابوونی بیرورا لای خەڵک، لە بیروبۆچوونەکانی خەڵک پشت راست بکاتەوە، لەم قۆناغەشدا پرۆپاگەندەو واتە وات کارا دەبن و بەخێرایی رۆڵی خۆیان دەگێرن.

5- ئامادەسازی بۆ کارکردن: لەم قۆناغەدا جەماوەر ئامادەیە بۆ جموجۆڵ و هۆکارەکانی جوڵانی ئامادەن، بەڵام پێویستی بە سەرکردیەک یان گروپێکی سەرکردایەتیکردن هەیە، کە بڕیاری دەست بەکاربوون بدات. ئەم قۆناغەش هەستیارەو زۆرجار کەسێک یان گروپێک بێئەوەی ئامانجی یەکسان بێت لەگەڵ جەماوەردا باڵ دەکێشێ بەسەر جەماوەرداو بۆچوونەکانی خۆی فەرز دەکات. شۆڕشی جەماوەری ئێران لە ساڵی 1979 لەم چوارچێوەیەدا دەخوێندرێتەوە.

6- فاکتەرەکانی دیسپلین کردنی کۆمەڵایەتی: مەبەست ئەوەیە دەسەڵات بە چ شێوەیەک وەڵامی کارو چالاکی و داواکانی جەماوەر دەداتەوە؟ جۆرێک لەدەسەڵاتەکان بە ئاگرو ئاسن و بە راگەیاندنی باری نائاسایی وەڵام دەدەنەوەو، هەندێک دەسەڵاتیش وێڕای رێگەدان بە کۆرەفتار سوود لەو کارانەوە وەردەگرن و بەپێیری هەندێک لەداواکانەوە دەچن و جۆرێک لەچاکسازی دەکەن و، جۆری دەسەڵاتی دیکەش بوونی هەیە.

"خۆپیشاندان لەنێو دێڕی یاساکاندا"

لەئاستی فیکردا تۆمەتبار کردنی خۆپیشاندانی جەماوەرمان لەلایەن چەندین بیریار بەرچاو کەوت کە بە هەرەشەیان بۆ سەر مەدەنیەت لەقەلەم دەدا. بەپێچەوانەوە فکری مارکس جۆرێک لە پەرستنی جەماوەر بەخۆوە دەگرێت، کە دواجار جەماوەر بریتیدەبێ لە پرۆلیتاریاو هاوپەیمانەکانی لە قۆناغی سۆسیالیزم و تێکڕای گەل لە قۆناغی کۆمۆنیزمیدا بەپێچەوانەی هەموو ئەو رایانە کە پێی وایە مارکسیزم وەکو ئایدۆلۆژیایەک توندوتیژی بەرهەم دەهێنێت، ئەوەتا "لینین" لەکتێبی (سیاسة المغامرات السیاسیة) دا رەخنە لە لاباڵێک لە روسیا دەگرێ و پێیوایە بە دابڕانی لەجەماوەر توندوتیژی بەرهەم هێناوەو رێگەی نا تەندروستی گرتووە، بۆیە دەبێ پارتی شۆڕشگێر گرێدراوی جەماوەر بێ و رێگەی راست ون نەکات.

دوور لەبواری فکری، لێرەدا هەوڵدەدەین باس لە روخسەت دانی خۆپیشاندان بکەین لەنێو دێرەکانی جارنامەی جیهانی و دەستووره نێو خۆییەکانی وڵاتی لەمەڕ خۆماندا.

لەجارنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤدا کە لەلایەن کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە (10)ی کانوونی یەکەمی ساڵی 1948 بریاری لەسەر دراوە، لە ماددەکانی "20،19،18" کە باس لە ئازادییەکان دەکات، بەتایبەتی لەخاڵی یەکەمی مادەی "20" کە دەڵێ "هەموو کەسێک مافی بەشداری کردنی هەیە لەکۆرو کۆمەڵە ئاشتەوایییەکاندا" دەکرێ جۆرێک لەراڤە کردنی بۆ بکرێ و بگوترێ دەرفەتدانێکی شاراوە بە مانگرتن و خۆپیشاندان و رێپێوان.

لەلایەکی دیکەوە لەدووتوێی پەیمانی نێودەوڵەتی تایبەت بەمافە ئابووریی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیرییەکاندا کە لە 16ی کانوونی یەکەمی ساڵی 1966 بەپێی بریاری کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان دەرچووە، ئەمجارەیان بە ئاشکرا ئاماژە بە مافی خۆپیشاندان دەدرێت، کە لە ماددەی هەشتەم، برگەی یەکەم، خاڵی (دال)دا دەڵێ (مافی خۆپیشاندان، بەمەرجێک بەپێی یاساکانی ئەو وڵاتە ئەنجام بدرێ، کە خۆپیشاندانەکەی تێدا دەکرێ). ئەو مەرجەی کە دادەنرێت لەزۆرێک لەوڵاتاندا بەپێی یاسا قەدەغە دەکرێ و رێگە نادرێت، یان بەربەست و مەرجی سەیرو سەمەر دەخرێتە بەردەمی.

لەپەیمانی نێودەوڵەتی تایبەت بەمافە مەدەنی و سیاسیەکانی نەتەوەیەکگرتووەکاندا لەو ماددانەی کە تایبەتە بە ئازادییەکان، واتە ماددەکانی "19،20،21، 22"دا ئەگەرچی راستەوخۆ باس لە خۆپیشاندان ناکرێ، بەڵام دەکرێ مادەی (21) بەخاڵێکی تایبەت بەو بوارە بزانین کە باس لەمافی گردبوونەوەی ئاشتیانە دەکات، بەڵام گرێی دەدات بە ئاسایشی نەتەوەیی سیستەمی گشتی پاراستنی مافی بەرامبەرو ئازادی گشتی و..هتد. واتە لێرەدا بەربەستەکان زۆرترو زیاتر دەبن لەبەردەم خۆپیشاندان و پاساوێک دەدات بەدەستی دەسەڵاتدارانەوە کە بەبیانووی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی و..هتد، رێگری هەر کۆرەفتارێکی جەماوەری بەربەست بکەن. لەرێککەوتننامەی ئەوروپاییدا بۆ مافەکانی مرۆڤ، لەماددەکانی (9،10،11)دا کە باس لە ئازادی فکرو ئایین و رادەربرین و کۆڕو کۆبوونەوە دەکات، بەتایبەتی لەمادەی (11)دا ئاوڕ لەمەسەلەکانی ئازادی گردبوونەوەی ئاشتیانە دەدرێتەوە، بەڵام لەلایەکی دیکەوە جارێکی دیکە گرێ دەدرێتەوە بەکۆمەڵێک بابەتی دیکە نموونەی بەرژەوەندی ئاسایشی نەتەوەیی و پاراستنی جەماوەرو روونەدانی ئاژاوەو تاوان و..هتد.

پرۆژەی رەشنووسی دەستووری کۆماری عێراق کەلە 30ی کانوونی دووەمی ساڵی 2005دەنگی بۆدراو بووە دەستوری عێراق.

لەبەندی دووەمیدا کە تایبەت بە (ئازادییەکان)ە بەتایبەتی لەبرگەی (3)ی ماددەی (36)دا کە دەڵێت: (دەوڵەت ئەوانەی خوارەوە دەستەبەر دەکات بەشێوەیەک کە پێچەوانەی سیستەم و ئادابی گشتی نەبێت: سێیەم- ئازادیی کۆبوونەوەو خۆپیشاندانی ئاشتیانە بەپێی یاسا رێکدەخرێت). بەرچاوترین بەربەست لەبەردەم خۆپیشاندان لەرۆژهەڵاتدا ئەوەیە کە یان رێگە نادرێت بەهیچ جۆرێک خۆپیشاندان ئەنجام بدرێت یان "بەپێی یاسا" کەلەپچە دەکرێ!.

ئەگەرچی تاوەکو نووسینی ئەم بابەتە هێشتان رەشنووسی دەستوری هەرێمی کوردستان بڵاونەکراوەتەوە، بەڵام بەپێی ئەو پرۆژە دەستوورەی کە پارتی و یەکێتی لەکۆیە لە 2002/9/26 لەسەری رێککەوتن و دایان بەحزبەکانی دیکە، لەمادەی شازدەهەمدا هاتووە (ئازادی رادەربرین و بڵاوکردنەوەو چاپەمەنی و رۆژنامەگەریی و مافی کۆبوونەوەو رێپێوان و خۆپیشاندانی ئاشتیانەو، دامەزراندنی پارتەکان و کۆمەڵەو سەندیکاکان پارێزراوەو بەپێی یاسایەک رێکدەخرێت) بەم پێیەش دەستووری هەرێمیش وەکو هەر دەستوورێکی دیکەی رۆژهەڵات عەوداڵی دوای یاسا دەبێ و دەرگا بۆ دەسەڵاتی راپەراندن خۆش دەکات کە یاسایەکی ئارەزوومەندانە لەو بارەوە راپەرێنێت کە لە ئەرزی واقیعدا نموونەی خۆپیشاندانەکانی کوردستان و مامەڵە کردنی دەسەڵاتی حکومی و حزبی لەگەڵیاندا روو سوور نەبوون!

لەتەک بەربەستکردنی خۆپیشاندانی جەماوەری بە ئاسایشی نەتەوەیی و ئادابی گشتیدا لەیاسای نێودەوڵەتی و یاسای ناوخۆییدا، ئەوە خاڵێکی دیکەش جێی سەرنجە بەگشتی لەپاڵ هەرخۆپیشاندانێکدا زاراوەی "ئاشتیانە" دادەنرێت. کە ئەمەش لەبارودۆخی ئەمڕۆی جیهاندا قسە زۆر هەڵدەگرێت، چونکە زۆربەی خۆپیشاندانە نێودەوڵەتی و نێوخۆیەکان تارادەیەک توندوتیژی بەخۆوە دەگرێت. خۆپیشاندانە نێودەوڵەتییەکان مەبەست ئەو خۆپیشاندانانەیە کە لە وڵاتە جیاجیاکانەوە بۆمەبەستێک جەماوەر لە شوێنێک دژ بە رووداوێک یان دیاردەیەک کۆدەبێتەوەو خۆپیشاندان ئەنجام دەدات، نموونەی خۆپیشاندانەکانی "داڤۆس"و"سیاتل" کە دژ بە جیهانیکردن ئەنجام دراو توندوتیژی لێکەوتەوە. خۆپیشاندانە ناوخۆییەکانیش مەبەست خۆپیشاندانی وڵاتانە، نموونەی خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییەی فەرەنسا کە توندوتیژی لێکەوتەوە، هەروەها لە هەرێمی کوردستانیش نموونەی لەوبارەیەوەمان بەرچاوە.

بەڵام دەکرێ لێرەدا بپرسین ئاخۆ خۆپیشاندان هۆکارە یان دەرئەنجام؟
ئاخۆ هۆکار لەپێشەوەیە یان دەرئەنجام؟
بەپێی تێڕوانینە فیکرییەکان (لەشوێن و کاتدا) جیاوازی بۆچوون لەو بارەوە هەیە:
یەکەم: هەندێک پێیان وایە هۆکار لەپێشەوەی دەرئەنجامە.
دووەم: هەندێکی دیکە پێیان وایە هۆکارو دەرئەنجام هاوکاتن.
سێیەم: گروپێکی دیکە هەردوو رایەکەیان پێ راستە.
بەڵام لەراستیدا هۆکار دەرئەنجام بەرهەم دەهێنێت و پێشی دەکەوێت. بۆیە خۆپیشاندان کە کاردانەوەی بارودۆخێکی تایبەتییەو گرێدراوی کۆمەڵە فاکتەرێکی کۆمەڵایەتی ئابووری سیاسییە، بەمەش خۆپیشاندان دەرئەنجامەو لەپێش ئەو کۆمەڵێک هۆکار هەن کە ئاستی کاردانەوەکە دیاری دەکەن، کە ئاخۆ توندوتیژ دەبێ یان ئاشتیانە؟ بۆیە جۆری خۆپیشاندان کارێکی ئیرادەییانە نیەو بە پاڕانەوەو تکا چارە ناکرێت بەڵکو دەبێ چارەی ئەو هۆکارانە بکرێ کەوا دەکات خۆپیشاندانەکە ئاقاری توندوتیژی بگرێ، کە تەنانەت بەهێزیش چارە ناکرێ، چونکە هێز دواجار توندوتیژ تری دەکات.

چەند نموونەیەک لە خۆپیشاندانەکانی عێراق و کوردستان

عێراق یەکێکە لەو وڵاتە دەستکردە زۆرە ملێیانەی پاش شەڕی یەکەمی جیهانی کە لە رووی خۆپیشاندان و راپەرین و شۆڕشەوە تایبەتمەندی خۆی هەیەو، دەکرێ لەرووی خۆپیشاندانەکانەوە بۆ دووبەش دابەش بکرێن:
قۆناغی یەکەم لەم قۆناغەدا عێراق وڵاتێکی تازە دروستکراوە، لەژێر دەسەڵاتی بەریتانیادایەو، لەناوخۆشدا دەسەڵاتی پادشایی باڵا دەستە، بەکورتی قۆناغی پاشایەتی کە تیایدا حکومەتێکی لاوازو جەماوەرێکی بەهێز هەیە، بۆیە دەیان حکومەت لەقۆناغی پاشایەتیدا دەڕوخێت و لەسەر کار لادەبرێت، سیما دیارەکانی ئەو قۆناغە بریتییە لە ناجێگیری حکومەت و خۆپیشاندانی جەماوەری و کودەتای سەربازی و شۆڕشی چەکداری.
لێرەدا هەوڵدەدەین چەند نموونەیەک لەخۆپیشاندانەکانی ئەو دەمی عێراقی دروستکراو لەناوچە جیاجیاکانیدا باس بکەین:

خۆپیشاندانی ساڵی 1928 لە بەغدا

ئاژانسی دەنگوباسی جیهانی لەسەرەتای ساڵی 1928 رایگەیاند کە (ئەلفرید مۆند) سیاسەتمەداری بەریتانی سەردانی رۆژهەڵاتی ناوەراست دەکات بەمەبەستی دیراسەکردنی پرۆژەی راکێشانی بۆڕی نەوتی کەرکوک بۆ حەیفا لەسەر دەریای سپی ناوەراست و هاندانی جوتیارانی عێراق بۆ باشترکردنی بەرهەمەکانیان. دۆستایەتی لەگەڵ فەیسەڵی پادشای عێراق هەبوو، لەناو خەڵکیشدا ناوبراو بەکابرایەکی جوو لەقەلەم دەدرا کە کار بۆ جووەکانی عێراق دەکات. ئەمە بووە هۆی ئەوەی قوتابیانی خانەی مامۆستایان و دواناوەندی و قوتابخانەی ماف لە "یانەی هاوکاری" کۆببنەوە بۆ ئەنجام دانی خۆپیشاندان لەکاتی هاتنی "مۆند" ئەوەبوو لەرۆژی هاتنەکەیدا چوونە وێستگەی کەرخ بۆ رێگەگرتن لە پیاوە بەریتانیەکە، بەڵام پۆلیسی عێراق چووە رێگەیان و بووە هۆی پێکدادان و چەندین کەس یان لەخۆپیشاندەران بریندار کرد کە ژمارەی خۆپیشاندەرەکان بەپێی قسەی مێژوو نووسان نزیکەی (20)هەزار کەس دەبوو، دروشمەکانیشیان سیاسی بوو، ئەگەرچی خۆپیشاندەران نەیانتوانی رێگە لە پیاوە بەریتانیەکە بگرن، چونکە رێگەی هاتنی خۆی گۆڕی وەختێ کە زانی خۆپیشاندان لە رێگەیەدایە، بەڵام بەهۆی ئەو رووداوەوە پادشای عێراق و حکومەتی عێراق چەندین بڕیاری سەیرو سەمەرەیان دەرکرد بۆ رێگەگرتن لە خۆپیشاندان، لەوانە بریارەکانی (15،14،13). کە لە بریاری (13)دا هاتووە (هەر قوتابیەک ئەگەر بەشداری خۆپیشاندانی کردو تەمەنی لەژێر 18ساڵەوە بوو ئەوا 25 داری لێدەدرێت، هەروەها ئەو قوتابیانەی لەخوێندن دوور دەخرێنەوە کە تەمەنیان لەسەروی 18ساڵەوەیە، جاچ بەکاتی یان بەیەکجارەکی بێ. ئەوەبوو بەو هۆیەوە ژمارەیەک قوتابی بەیەکجارەکی دوورخرانەوەو هەندێک بەکاتی و هەندێک گیران و هەندێکیش لێیان درا، بەڵام ئەو یاسایانە نەبوونە هۆی ئەوەی کە رێگە بەخۆپیشاندان بگیرێت، بەڵکو هەر درێژەی هەبوو.
لەلایەن خۆشیانەوە ژمارەیەکی حزبی سیاسی پشتگیری خۆپیشاندەرانیان کردو، لەوبارەیەوە رەخنەیان لە هەڵوێستی حکومەت گرت.
* خۆپیشاندانی 6 ی ئەیلوول لە سلێمانی:
لەسەردەمی بەهێزی جەماوەر لە عێراقدا، جەماوەری شاری سلێمانیش دەستیان بەخۆپیشاندان کرد. ئەو خۆپیشاندانە دەروازەیەک بوو بۆئەوەی خەڵکی ناو شارەکانیش دەست بە نارەزایی و جموجۆڵ بکەن، دوای ئەوەی کە زۆرتر خەڵکی گوندەکان لەشۆڕش و بەرخودانەکاندا سوتەمەنی بوون.

لەپشتی خۆپیشاندانی 6 ی ئەیلوولی (بەردەرکی سەرا) لە سلێمانی کۆمەڵێک هۆکار هەبوون، لەوانە پاشگەز بوونەوەی عێراق لە جێبەجێکردنی بەڵێنەکانی بەپێی راسپاردەکانی (کۆمەڵگەی گەلان) بەرامبەر بە گەلی کورد، هەروەها رێکەوتنامەی 30ی حوزەیران 1930 لەنێوان عێراق و بەریتانیا کە هیچ شتێکی لەبارەی کوردەوە تێدا نەبوو، وێرای بارودۆخی ئابووریی نالەباری شاری سلێمانی کە بەهۆی قەیرانی ئابووری جیهانییەوە پەیداببوو. وێرای دروستبوونی دەستەی نیشتمانی "هەیئەتی وطنیە" کە باوەڕی بە (قەڵەم و موراجەعات) هەبووە. بزاوتی ئافرەتان کە کۆمەڵەی ئافرەتی کورد لەو ساڵەدا دروست بوو، هەروەها (کۆمەڵەی پێشکەوتنی کوردان)یش هەر لەوساڵەدا دروست بوو. خۆپیشاندانەکە لەلایەن ئەفەندی و مامۆستاو خوێندکارەوە دەستی پێکرد، بەڵام دواتر خەڵکی بازاڕو دوکاندارەکانیش چوونە ریزیانەوە لەبەردەم سەرادا. دروشمەکانی خۆپیشاندانەکەش زیاتر دروشمی سیاسی بوون بۆ وەدیهێنانی مافەکانی گەلی کورد. رۆژی خۆپیشاندانەکەش هاوکات بوو لەگەڵ رۆژانی هەڵبژاردن بۆ پەرلەمانی عێراق، کەخەڵکێکی زۆری ئەو شارە نەیاندەویست بەشدرای هەڵبژاردن بکەن و داوای سەربەخۆیی کوردستانیان دەکرد لەژێر باڵی ئینگلیزدا.

هێزەکانی پۆلیس کەوتنە ویزەی جەماوەرو پاڵیان دەنان، جەماوەریش لەلایەک رێگەی لەو خەڵکە دەگرت کە دەنگی دەدا لەولاشەوە پۆلیسان بەرد بارانکرد. تا دواجار کارەکە گەیشتە ئەوەی هێزەکانی حکومەت تەقە لەجەماوەر بکات و نزیکەی (13)هاوڵاتی شەهید بوون و زۆرێکیان دەستگیرکران و، هەندێکیش بۆ شارەکانی دیکە دوورخرانەوە، لەنێوانیاندا بۆ شاری کەرکوک، بەم شێوەیە دەسەڵاتی ئەو سەردەمی عێراق ئەو خۆپیشاندانەشی بە ئاگرو ئاسن وەڵامدایەوە، ئەو رۆژەش لەناو خەڵکدا بە رۆژی رەشی 6 ی ئەیلوول ناسرا.

خۆپیشاندانی گاور باغی لە کەرکوک:

دوای ئەوەی کە لە 28ی حوزەیرانی 1946 پۆلیسی بەغدا تەقەی لە خۆپیشاندەرانی بەغدا کردو دوو کرێکارو قوتابیەک و سەربازێک و منداڵێکیان کوشت. ئەوەندە تینەپەڕی ئەمجارەیان لوولەی تفەنگی پۆلیس لە کەرکوک روو لە کرێکارە خۆپیشاندەرەکان کراو چەندینیان شەهید بوون. بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان لەوەتەی کۆتایی حوزەیرانی (1946)ەوە کرێکاران یاداشتێکیان دابوو بە بەرپرسیانی کۆمپانیای نەوتی کەرکوک کە کۆمەڵێک داخوازی و داواکاری تێدابوو لەوانە:-

- دابینکردنی شوێنی نیشتەجێبوون بۆ کرێکاران و جلوبەرگی کاریان بۆ دابین بکرێت و هاتوچۆیان بۆ دابین بکرێت و نەوتیان بەبێ بەرامبەر پێ بدرێت و رۆژی پشوی ساڵانەیان زیاد بکرێت.

- زیادکردنی کرێ و کردنەوەی سەندیکا بۆ کرێکارانی کۆمپانیاو خزمەتگوزاری تەندروستیان پێ بدرێت و دەرنەکردنی کرێکاران لەخۆڕاو، جێبەجێکردنی یاسای کرێکاران.

بەڵام کۆمپانیاکە بەهانای ئەو داخوازیانەوە نەچوو، بۆیە کرێکارانی نەوتی کەرکوک لە (1946/7/3)ەوە دەستیان بە خۆپیشاندان کرد بۆ وەدیهاتنی ئامانجەکانیان. بەپێی بەیاننامەی فەرمیی حکومەت کرێکاران لەپێناوی وەدیهێنانی هەشت داواکاری خۆپیشاندانیان کردبوو حکومەت داوای لە کۆمپانیاکە کردووە کەجێبەجێی بکات ئەویش بەشێکی زۆری جێبەجێکردووە. بەڵام کرێکاران هەر درێژەیان بەخۆپیشاندانەکەیان داوە، تەنانەت کە رۆژی 1946/7/7 وەزیری ئابوری کە چووە کەرکوک سەرلەنوێ درێژەیان بەخۆپیشاندانەکەیاندا. لەدرێژەی بەیاننامەکەیدا حکومەت دەڵێ لە (7/12) جارێکی دیکە موتەسەریفی کەرکوک بۆ کرێکارانی روونکردەوە کە بەرێژەی (30-75%)ی داواکانیان وەدیهاتووە بۆیە دەبێ بگەڕێنەوە سەرکار، بەڵام کرێکاران بەهۆی هاندانی هەندێ کەس کە گەندەڵی تێکدانی ئاسایشیان دەویست هەر درێژەیان دا بەکارەکانیان بۆیە جارێکی دیکە داوایان لێکرا کە واز لە خۆپیشاندان بهێنن، دواجار بێسوود بوو بۆیە هێزەکانی پۆلیس هێزیان بەکارهێناو بووە هۆی کوشتنی پێنج کەس و برینداربوونی چواردە خۆپیشاندەر.

لەو بەیاننامەی حکومەتدا کە لە (7/13) بڵاوکرایەوە، هەندێک خاڵی گرنگ دەخوێنینەوە.

1- خۆپیشاندەران داخوازی و داواکاریی پیشەییان هەبووە کە پەیوەست بوو بەکارەکانیان هەروەها گرێدراوی مافی خۆیان بووە.

2- حکومەت خۆپیشاندانەکە بەوە تاوانبار دەکات کە لە ریزەکانیدا کەسانی دیکە هەبوون کە هانی کرێکارانیان دەدا درێژە بەکارەکانیان بدەن، ئەمەش دواجار وای لەحکومەت کرد کە خۆپیشاندەران بە کۆمەنیست و ئاژاوەگێر لەقەلەم بدات کە هەوڵیان داوە پۆلیس بکوژن.

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە بەیاننامەی حکومەت خۆی لەراستی شتەکان دەدزێتەوە، بەتایبەتی کەبەپێی هەندێک سەرچاوە رێژەی شەهیدەکان دەگاتە 16کرێکارو ژن و منداڵێک و، زۆرێک لەو شەهیدانە لەپشتەوە گولەیان بەرکەوتووە، ئەوەش

ئەوە دەسەلمێنێ کە هێزەکانی حکومەت بێ دەست پاراستن لە خۆپیشاندەرانیان داوە کە لەپێناوی وەدیهێنانی مافە ڕەواکانیان خۆپیشاندانیان کردبوو. حکومەت تەنها بەشەهید کردنی خۆپیشاندەران و تۆمەتبار کردنیان ڕانەوەستا، بەڵکو زۆریشی لێیان دەستگیرکردو بەنارەوایی دادگاییەکی ناعادیلانەی کردن، بەڵام دواجار لەژێر فشاری ناوخۆیی و دەرەکیدا بەدادگایکردن و بڕیارەکانیدا چووەو، کرێکارە گیراوەکانی ئازادکردو کۆمپانیای نەوتی تاوانبار کرد بەتەقە کردن و شەهید کردنی کرێکارانی خۆپیشاندەری گاورباغی لە کەرکوک.

خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییە

لەتەک ئەو خۆپیشاندانانەدا دەیانی دیکە لە شارە جیاجیاکانی عێراق ڕوویانداوە، لەوانە (خۆپیشاندانی ساڵی 1931 بەهۆی ڕسوماتی شارەوانییەوە، خۆپیشاندانی ساڵی 1933 بەهۆی کارەباوە، خۆپیشاندانی ساڵی 1948 بەهۆی ڕێکەوتنامەی پۆرتسمۆس، خۆپیشاندانەکانی قوتابیان لە ساڵی 1952، خۆپیشاندانی کۆمپانیای نەوتی بەسرا لە ساڵی 1953و هتد). لەرووی دەستدرێژی کردنە سەر خۆپیشاندەران و تۆمەتبار کردنی خۆپیشاندانەکەوە هەموویان پێکدەچن

قۆناغی دووەم: مەبەست لەم قۆناغە ڕووخاندنی ڕژێمی پاشایەتی و دامەزراندنی ڕژێمی کۆمارییە لەسەر دەستی ئەفسەرە ئازادەکان و بە پاڵپشتی حزبەسیاسیەکان و جەماوەر، کە بەقۆناغێکی شۆڕشگێڕی دادەنرێت و دیارترین سیمای ئەوەیە دەسەڵات و حزبەکان خۆیان بەنوێنەری جەماوەر دەزانن. لەم قۆناغەدا دەسەڵاتێکی بەهێزو جەماوەرێکی لاواز پەیدا بوو، واتە تەواو بەپێچەوانەی قۆناغی پێشوو کە جەماوەرێکی بەهێزودەسەڵاتێکی لاواز هەبوو، لەم قۆناغەدا خۆپیشاندان دەگمەن دەبێ لەلایەک و، لەتەکیشیدا چەمکی دیکە بۆ خۆپیشاندان دادەتاشرێت. لە سەرەتاکانی ئەم قۆناغەدا خۆپیشاندانە ملیۆنییەکەی جەماوەر دەبینرێت بۆ بەشداری کردنی حزبی شیوعی عێراق لە حکومەتی قاسم دا. لەدوای ئەوە ئیدی بەهۆی کێبرکێی نێوخۆیی و دەرەکییەوە بارودۆخی عێراق و هەرێمی کوردستان مۆرکی سەربازی بەخۆوە بینی و ڕۆڵی جەماوەر پاشەکشەی پێکرا، ئەوەبوو لە ئەیلوولی 1961 شۆڕشی کوردستان دەستپێکردو، لە شوباتی 1963یش کودەتا ڕەشەکەی شوبات ئەنجام دراو..هتد.

لەسەردەمی دەسەڵاتی بەعسدا بەهۆی دیکتاتۆریەتی دەسەڵاتەکەو ملنەدانی بەهیچ جۆرە نارەزاییەکی جەماوەری و مۆرکی سەربازیانەی، خۆپیشاندانی جەماوەری دەرگای لەسەر دادەخرێ، تەنها ئەو چەند خۆپیشاندانە نەبێ کە قوتابیانی کۆلێژو پەیمانگاکانی کوردستان لە ساڵانی هەشتاکان ئەنجامیان داو بە ئاگرو ئاسن وەڵام درانەوە. ئەمە وانەبێت کە جەماوەر نەخرابێتە سەرشەقام، بەڵکو دەتوانین بڵێین ڕۆژانە لە شارەکانی عێراق و کوردستاندا خەڵک دەبردرایە سەر شەقام، بەڵام ئەمجارەیان دەسەڵاتی بەعس بۆ پاڵپشتکردن لە سیاسەتە چەوتەکانی خۆی خەڵکی بەبڕیارو بەشێوەیەکی نا ئارەزوومەندانەو بە ناچاری دەخستە جادەو ڕێپێوانی پێ دەکرد. لێرەشەوە ئاقاری خۆپیشاندان بەرێپێوان گۆڕدرا. ڕێپێوان بۆ پێداهەڵدان بە(صەدام)و دەسەڵاتەکەی نەک بۆ وەدیهێنانی مافی جەماوەر. بۆی هەیە ڕێپێوان مۆرکێکی نارەزایی هەبێ بەتایبەتی کە دژ بەمەترسی دەرەکی دەبێ، بەڵام ئەوەی سەردەمی بەعس ئەو مۆرکەشی پێوەنەبوو. خوێندن ڕادەگیرا، دەوامی فەرمی فەرمانبەران ڕادەگیرا، لافیتەکان هەموو قسەی صەدام و پێدا هەڵدان بوو بە پیاوانی بەعس لەپێش ڕێپێوان و پاش ڕێپێوان و لاتەنیشتەکانیان دەگرت بۆئەوەی کەس ڕێپێوانەکەی بەجێ نەهێڵێت، ئەوەی بڕۆیشتا بوایە سزا دەدرا، بەڵام وەختێک دەبووە قەرەباڵغی ئیدی دەرفەتی خۆدزینەوە دەبوو، خەڵکێکی زۆر دەگەڕانەوە، ئەو گەڕانەوەیە بۆخۆی نارەزایی دەربرین بوو بەرامبەر بەو ڕێپێوانە بەناچارییە.

ڕاپەرینی ساڵی 1991 لە هەرێمی کوردستان و باشوری عێراق ئەوەی سەلماند کە نارەزاییەکی جەماوەری بێدەنگی گەورە لەبەرامبەر ڕژێم هەیە. بۆیە هەر کە دەرفەت ڕەخسا جەماوەر بەرووی ڕژێمدا تەقییەوە، ئەوەش گەورەترین و بەهێزترین کاری جەماوەریی بوو بەتایبەتی لە هەرێمی کوردستاندا. هاوشان لەگەڵ ئەوەشدا لە هەرێمی کوردستاندا "کۆڕەو" جۆرە جەماوەرێکی دیکەبوو کە بە جەماوەری هەڵاتوو یان ترساو ناوزەد دەکرێ، کە ئەمەشیان دواجار گەیشتە ئامانجی خۆی و دونیای هەژاند، دەرگایەکی گەورەی کردەوە بۆ گەڕانەوەو سەقامگیری بارودۆخی کوردستان.

* مێژووی خۆپیشاندان لەهەرێمی کوردستاندا، مێژوویەکی دوورو درێژو پڕ ئەزموون نیەو، خۆپیشاندانەکان بەپەنجەی دەست دەژمێردرێن بەتایبەتی پێش ڕاپەرینی ساڵی 1991. دیارە ئەوەش لەخۆڕانیە، بەڵکو کۆمەڵێک هۆکار هەیە کە ئەو دۆخەی دروستکردووە، لەسەرووی هەمووشیانەوە ئەوەیە کە داگیرکەرانی کوردستان ناچاریان کردووین کە پەنا ببەینە بەرچەک و خەباتی چەکداری، چونکە بەهیچ شێوەیەکی دیکە نەک هەرمافەکانیان نەدەداینێ، بەڵکو نەیاندەهێشت وەکو هاوڵاتیەکیش بە ئاسایی ژیان بگوزەرێنین، ئەو دۆخەش وایکرد کە شێوەی نارەزایی کورد بەرامبەر بەرژێم سنووری خۆپیشاندان ببڕێت و، بڕوایەکی وا دروست بوو لەلای تاکی کوردو حزبی کوردی کە بەخۆپیشاندان چارەسەرنیە بەرامبەر بە ئاگرو ئاسن. لێرەشەوە ئیدی ئەمە بووە باوەڕ کە نابێت موجازەفەیەکی لەو شێوەیە بکرێ. لەلایەکی دیکەوە لەوکاتەی کە جەماوەر بۆخۆپیشاندان

بەتایبەتی لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتدا پێویستی بەپێشڕەوێک هەیە کە کاروباری خۆپیشاندان ڕێکبخات و بەڕێوەی ببات، لەبەرئەوەی حزب و لایەنە کوردستانیەکان بەناچاری لەشاخ و گوندەکاندا بوون و نەیاندەتوانی لە شاردا تێکۆشان بکەن، لەبەرئەوەی خۆپیشاندان زۆرتر گرێدراوی شارە، لەبەر ئەوە خۆپیشاندەر هاندەرو پێشڕەوی نەبوو. لەتەک کۆمەڵە هۆکارێکی دیکەدا، ئەو هۆکارانە بوونە هۆی دروست نەبوونی ڕۆشەنبیریی خۆپیشاندان و، لەو بارەیەوە تاکو دەسەڵاتی کوردی ژێرخانێکی نیە.

هەربۆیە ئەگەرچی بەکارێکی جەماوەریی بەرفراوان کە خۆی لەراپەراندن و کۆرەودا دەبینێتەوە، حزبی کوردی دەسەڵات دەگرێتەوە دەست و (جەماوەر ئەمجارەیان هێزی پێشمەرگە لەهەرەس رزگار دەکات و دەیگەیەنێتە دەسەڵات) بەڵام لەبەر پشتگوێخستن و گوێنەدانی بە بەرژەوەندیی و داواکانی جەماوەر لە پاش راپەرینی ساڵی 1991 گوێ نادرێت بە جەماوەرو لەهاوکێشەکاندا حیسابی بۆ ناکرێت. بۆ نموونە وێرای هەموو ئەو ڕێپێوان و خۆپیشاندانانەی جەماوەر دژ بە شەڕی ناوخۆ، بەڵام هەردوو پارتی دەسەڵاتداری شەڕکەر (ی،ن،ک و پ،د،ک) ئاوڕیان لەو داخوازییەی جەماوەر نەدایەوەو، بەدژیدا راوەستان.

وەختێک دەسەڵاتی کوردی لەشەڕی ناوخۆ بەخۆ هاتەوە، گەندەڵی گەیشتە زۆرێک لەیەکەی ئیداری و حزبییەکان و توێژێک پەیدابوو کە لەسەر حیسابی خەڵک و سامانی نیشتمانی گەورەبوون و، چینەکانی خوارەوەش هەژارتر بوون و لەهەموو خزمەتگوزاریی و پێداویستیەکانی بێبەش بوون. کە کار گەیشتە ئەو ئاستە ئیدی جەماوەر بەرووی ئەو دۆخەدا لەرانیەو هەڵەبجەو کەلارو ئاکرێ و جاروباریش لەهەولێرو سلێمانی بتەقێتەوە لەبری ئەوەی دەسەڵات ئاوڕ لە داخوازییە ڕەواکانی جەماوەری خۆپیشاندەر بداتەوە، کەوتە وێزەیان و تەقەی لێکردن و دەستگیری کردن و تۆمەتباری کردن!. ئەمەش هەڵوێستی هەر دەسەڵاتێکی ڕۆژهەڵاتیانەیە کە بەم شێوەیە مامەڵەی لەگەڵ خۆپیشاندانی جەماوەر کردووەو دواتر ڕۆژ دوای ڕۆژ رووەو تاکڕەوی ڕۆیشتووە. ئەمەش لەگەڵ گوتاری ڕاگەیەندراوی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان نایەتەوە، کە دەیەوێت هەرێم ببێتە ناوچەیەکی نموونەی دیموکراسی لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. بەڵکو دەبێت وێڕای گرەنتی دەستووری و یاسایی بۆ ئازادی خۆپیشاندان و مانگرتن، لەواری کرداریشدا ڕێز لە داخوازییەکانی جەماوەر بگرێ و جێبەجێیان بکات، چونکە ئەزموونی وڵاتان سەلماندوویانە، (بەهەژارکردنی جەماوەر نە ئاوەدانکرنەوەو پێشکەوتن وەدیدێت، نە دیموکراسی و ئازادیش).

دەسەڵاتی کوردی دەبێت ئەوە بزانێت کە زۆر جار جەماوەر بەهۆی پرسی نەتەوەییەوە کەمتر بەلای داخوازییەکانی خۆیدا چووە، بەڵام کە پرسی نەتەوەیی لەچوارچێوەی فیدڕالیدا لە عێراقدا چارەسەر ببێت ئەوە ئاستی خۆپیشاندانە جەماوەرییەکانی روو لە زۆربوون دەچێ، ئەگەر کۆتایی بەو دابڕانە نەیەت کە لە نێوان دەسەڵات و خەڵکدا ڕۆژ دوای ڕۆژ زیاتر دەبێ، بەشێوەیەکی دیکە بیڵێین ئەمجارەیان لەتەک مەسەلەی نیشتمانیدا، ململانێی نێوان چینەکانیش پەرەدەستێنێ و، ئەوەش هۆکارێکی سەرەکییە لەزۆربوونی نارەزاییە جەماوەرییەکاندا.

لەتەک هەڵوێستی نادیموکراسیانەی دەسەڵات لەگەڵ خۆپیشاندانە جەماوەرییەکان لەرابردوودا، ئەوە هەوڵدراوە درێژە بەڕێپوان بدرێ، ڕێپێوان بەواتا سەلبییەکەی کە دەسەڵات دەخوازێ لایەنگرانی بخاتە شەقام بۆ پشتگیریکردن و پێداهەڵدانی و بەرزکردنەوەی قسەو دروشمی سەرکردەکانی، ئەوەش زۆرجار بەرێگەی ناچارکردن و بەبڕیاری فەرمی قوتابخانەو فەرمانگەکان و..هتد. دیارە نابێ ئەوەش لەبیربکەین کە لە ساڵانی رابردوودا بۆ نارەزایی دەربڕین بەرامبەر بەمەترسی دەرەکی بۆ سەر هەرێمی کوردستان ڕێپێوانی ئاسایی و ئارەزوومەندانەشی ئەنجام داوە.

**سەرچاوەکان:**

**1- د. حاتم الكعبي: السلوك الجمعي.**

**2- بيث هس وأخرون: علم الأجتماع، وەرگێڕانی بۆ عەرەبی (د. محمد مصطفى الشعبيني).**

**3- لينين: سياسة المغامرات الثورية.**

**4- د. نمير العاني: جدلية العلاقة بين مبدأ التطور ومبادىء وحدة العالم والتشارط المتبادل والتعاكس العام.**

**5- عبدالرزاق محمد أسود: موسوعة العراق السياسية، المجلد الثالث.**

**6- هیگل: مێژووی فەلسەفە، (عرفان مستەفا) کردوویەتی بەکوردی.**

**7- ئاکۆ عەبدولکەریم شوانی: شاری سلێمانی 1918-1932 (لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی 'سیاسیە').**

**8- هەروەها سوود لە جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤو ڕێکەوتنەکانی دیکەی نەتەوەیەکگرتووەکانو، پەیمانی مافی مرۆڤی ئەورووپاو دەستووری عێراقو پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان وەرگیراوە.**